# هەرێمی کوردستان

# لەناو گێژاوی پرۆسەی سیاسیی عێراق و گەشبینییەکی هەستیاردا





**دەوڵەت لە شارە شیعەنشینەکاندا بە ئاستێک لاوازە کە دەتوانرێت بڵێین لە هەندێک پارێزگاکان وەک نەجەف و کەربەلا و بەسرە هەر بوونی نییە، هەر گرووپێک لە میلیشیاکانی حەشدی شەعبی دەسەڵاتی لە حکومەت و دەوڵەتی عێراق زیاترەو ئەمەش نەک هەر لە بواری چەکداری و سەپاندنی دەسەڵاتی خۆیان بەسەر هاووڵاتیاندا، بەڵکو لە شێوازی مۆنۆپۆلکردنی سامانی گشتی و بەهەدەردانی پارەی پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان و بەکارهێنانی وەزارەتەکان بۆ بەرژەوەندی و دەوڵەمەندکردنی حزبەکانیان**

**هەموو پێشهاتەکان ئاماژەن بۆ ئەوەی ئەگەر خۆپیشاندانەکانیش هێور ببنەوە، بەم پرۆسە سیاسییە و بەو ئەقڵییەتەی ئەو لایەنە سیاسییانەی شیعە کە هەتا ئێستا حوکمڕانییان پێ کردووە، پرۆسەی سیاسی دەکەوێتە ناو گێژاوێکی گەورەتر و کارەساتی گەورەتر بەدوای خۆیدا دەهێنێت**

گریمان لایەنە براوەکانی شیعەی عێراق لە هەڵبژاردنەکانی ئایاری رابردوو، هەموو پێکەوە پشتگیریی حکومەتە کاربەڕێکەرەکەی حەیدەر عەبادی بکەن و خۆپیشاندانەکانی شارەکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق هێور بکەنەوە، بەڵام ئایا بەمە دەتوانن پرۆسەی سیاسی لەو گێژاوە رزگار بکەن کە چەندین ساڵە تێی کەوتووە؟ دیارە ئەوەی لەماوەی ئەم یەك دوو هەفتەیەی دوای خۆپیشاندانەکانی بەسرە لەسەر زاری کاربەدەست و سیاسییەکانی شیعەوە سەبارەت بە شێوازی حوکمڕانی لە شارەکانی باشووری عێراق گوێبیستی بووین، ئەوەمان پێدەڵێن کە بوونی دەوڵەت لە شارە شیعەنشینەکاندا بە ئاستێك لاوازە کە دەتوانرێت بڵێین لە هەندێك پارێزگاکان وەك نەجەف و کەربەلا و بەسرە هەر بوونی نییە، هەر گرووپێك لە میلیشیاکانی حەشدی شەعبی دەسەڵاتی لە حکومەت و دەوڵەتی عێراق زیاترەو ئەمەش نەك هەر لە بواری چەکداری و سەپاندنی دەسەڵاتی خۆیان بەسەر هاووڵاتیاندا، بەڵکو لە شێوازی مۆنۆپۆلکردنی سامانی گشتی و بەهەدەردانی پارەی پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان و بەکارهێنانی وەزارەتەکان بۆ بەرژەوەندی و دەوڵەمەندکردنی حزبەکانیان. کەواتە ئەگەر ئەو لایەنە سیاسییانەی شیعە کە لە دوای ٢٠٠٣وە جڵەوی دەسەڵاتیان لە عێراقدا بەدەستەوە بووە، بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ خۆپیشاندانی شارە شیعەنشینەکان تەنیا مەبەستیان ئەوە بێت، بەهەر شێوەیەك بێت خۆپیشاندانەکان هێور بکەنەوە و بە حیساب پرۆسەی سیاسی لە گێژاوەکەی رزگار بکەن، ئەوا هەموو پێشهاتەکان ئاماژەن بۆ ئەوەی ئەگەر خۆپیشاندانەکانیش هێور ببنەوە، بەم پرۆسە سیاسییە و بەو ئەقڵییەتەی ئەو لایەنە سیاسییانەی شیعە کە هەتا ئێستا حوکمڕانییان پێ کردووە، پرۆسەی سیاسی دەکەوێتە ناو گێژاوێکی گەورەتر و کارەساتی گەورەتر بەدوای خۆیدا دەهێنێت، سرووشتی پرۆسەی سیاسیی عێراق و ئەقڵییەتی حوکمڕانیی لایەنە شیعەکان لە ماوەی ١٥ ساڵی رابردوو خۆی سەرچاوەی دروستکردنی کێشەکان بووە، نەك چارەسەرکردنی کێشەکان.

لەبەرامبەر ئەم پرۆسە سیاسییە سەقەتە و ئەو ئەقڵییەتەی کە ئێستا لە عێراقدا حوکمڕانی دەکات، هەرێمی کوردستان وەك ئەمری واقیع ناچارە و دەبێت بە شێوەیەك لە شێوەکان مامەڵەی لەگەڵ بکات، بەڵام گرنگە شێوازی مامەڵەکردنی ئەمجارەی لەگەڵ پرۆسەی سیاسیی عێراق هەنگاوەکانی بە هەستیاری هەڵبگرێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە لە ئاسۆدا گەشبینییەك بۆ داهاتووی هەرێمی کوردستان خەریکە دەردەکەوێت، بەڵام هەتا بە تەواوەتی ئەم گەشبینییە دەردەکەوێت، ئەوا گرنگە هەنگاوەکانی هەرێمی کوردستان جۆرێك لەسەرخۆیی و هەستیاری پێوە بێت.

مەبەست لە هەنگاوی لەسەرخۆ و هەستیار وەك پێداویستییەك بۆ مامەڵەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ پرۆسەی سیاسیی عێراق ئەوەیە، کۆی پرۆسەی سیاسیی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرەو وەرچەرخانێکی گەورە دەچێت و هاوکێشەی تازەی تێدا دروست دەبێتەوە کە جیاوازی گەورەی لەگەڵ هاوکێشە سیاسییەکانی پێشوو دەبێت، سەبارەت بە پرۆسەی سیاسیی عێراقیش کە جیا لەوەی بەشێکی جیانەکراوەیە لە کۆی پرۆسەی سیاسیی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵام لەناو ئەم پرۆسە سیاسییە گشتگیرەشدا، پرۆسەی سیاسیی عێراق لەسەر ئاستی وڵاتانی ئیقلیمی و نێودەوڵەتییش جۆرێك لە تایبەتمەندیی خۆی هەیە و، ئەگەر هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان لەسەر ئاستی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی بە شێوەیەکی گشتگیر مامەڵە لەگەڵ کۆی پرۆسەی سیاسیی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکەن، ئەوا بە شێوەیەکی تایبەتی مامەڵە لەگەڵ پرۆسەی سیاسیی عێراق دەکەن.

پێشتر هەتا کۆتاییهاتنی شەڕی دژی داعشیش، ئومێدێك لەسەر پرۆسەی سیاسیی عێراق هەبوو، بەوەی کە دەتوانرێت ئەم پرۆسەیە راست بکرێتەوە و لەسەر بنەمای دەستووری عێراق دەوڵەتێکی فیدڕاڵی و دیموکراتی و پەرلەمانی دووبارە بونیاد بنرێتەوە، ئەمەشیان وەك بنەمایەك بۆ راستکردنەوەی کۆی پرۆسەی سیاسیی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەوڵەتانی باکووری ئەفریقیا دانابوو، بەڵام ئێستا کە هەموو لایەك بە دەوڵەتانی ئیقلیمی

و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیشەوە دەگەنە ئەو قەناعەتەی کە پرۆسەی سیاسیی عێراق نەك هەر ڕاست ناکرێتەوە، بەڵکو هەر لە سەرەتاوە پرۆسەی سیاسیی عێراق ژینگەی لەباری لەدایکبوونی ڕێکخراوێکی تیرۆریستی وەك داعش بووە و ئەم ڕێکخراوە تیرۆریستییەش وەك ڕەگی شێرپەنجە تەواوی پرۆسەی سیاسیی دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیای ئاڵۆز کردووە، ئەوا هەم دەوڵەتانی ئیقلیمی و هەمیش کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ناچار دەبن چاوێك بە سیاسەتی خۆیان بەرامبەر ئەو دەستەبژێرە دەسەڵاتدارەی شیعەی عێراقدا بگێڕنەوە و بەوەش دەگەنە ئەو قەناعەتەی کە عێراق بە هیچ پێکهاتەیەك بە تەنیا ئەوجا (سوننە بێت، یان شیعە، یان تەنانەت کورد) بەڕێوەناچێت، ئەم سێ پێکهاتەیەش پێکەوە ناگونجێن، هەتا بتوانن دەوڵەتێکی فیدراڵی و دیموکراتی و پەرلەمانی بونیاد بنێننەوە، بۆیە دەبێت بەدوای بەدیل و ڕێگەچارەی دیکەدا بگەڕێن، کە لەو بەدیل و ڕێگەچارەی دیکەوە، ئاسۆی گەشبینی بۆ ئایندەی هەرێمی کوردستان بە تەواوەتی دەردەکەوێتەوە.

## ● بە ئەقڵییەتی خۆسەپاندن و تۆڵەسەندنەوە دەوڵەت بەڕێوەناچێت

ئەگەر چاوێك بە لێدوان و ڕەفتارەکانی ئەم دەستەبژێرە سیاسییەی شیعە لە سەردەمی ئۆپۆزسیۆنبوونیاندا بخشێنینەوە و لەگەڵ ڕەفتار و لێدوانەکانی ئێستایان بەراوردی بکەین، بە ئاشکرا هەست دەکەین، ئەوکات چۆن لە کۆنگرەکانی ئۆپۆزسیۆن و خۆئامادەکردن بۆ حوکمڕانی لە دوای ڕژێمی سەدام حوسێن، بە گیانی تۆڵەسەندنەوە لەسەر عەرەبی سوننە قسەیان دەکرد و ئامانجیان ئەوە بوو بە هەر شێوەیەك بێت بگەنە دەسەڵات و لەژێر پەردەی بەعسیبووندا تۆڵە لە هەموو عەرەبی سوننە بکەنەوە، ئەوا ئێستاش کە لە دەسەڵاتدان ئەمەیان نەك هەر سەلماندووە، بەڵکو بۆ خۆسەپاندنی تەواو، ئەو ڕۆژانەشیان لە بیرخۆیان بردووەتەوە کە بێجگە لە چیاکانی کوردستان هیچ جێگەیەکی دیکەیان نەبووە و هەموو هەوڵیان بۆ ئەوەیە کە هەرێمی کوردستانیش بسڕنەوە.

دیارە دەرهاویشتە خراپەکانی سیاسەتی (تۆڵەسەندنەوە و خۆسەپاندن) لە ماوەی ١٥ ساڵی ڕابردوو لە هەر قۆناخێکدا کارەساتی بەسەر یەکێك لە پێکهاتە سەرەکییەکانی ئەم وڵاتەدا هێناوە، هەر بۆ نموونە لە ساڵی ٢٠٠٥ ـەوە کە بە کردەیی ئەم دەستەبژێرە شیعەیە دەسەڵاتیان گرتووەتەدەست، شەڕی خوێناوی لە نێوان دەسەڵاتدارانی شیعە و پێکهاتەی عەرەبی سوننە لەژێر پەردەی ڕێکخراوی ئەلقاعیدە لقی عێراق دەستی پێکردووە، ئەمە لە ساڵی ٢٠٠٦-٢٠٠٧ گەیشتە ئەوەی کە بڵێن: «عێراق کۆتایی هات»، ئەمە وایکرد کە جۆرج دەبلیو بوش بڕیاری بەپەلەی ناردنی هێز (Surge) بۆ عێراق دەربکات و هێزی سەحوەی لە هۆزەکانی عەرەبی سوننە دروستکرد، بەوەش توانرا ڕێکخراوی تیرۆریستیی ئەلقاعیدە تێکبشکێندرێت و لە عێراقدا پاك بکرێتەوە. ئەمەش واتە هۆزە عەرەبەکانی سوننەی عێراق خۆیان لە چوارچێوەی هێزەکانی سەحوە هاوکار و یاریدەدەر بوون بۆ تێکشکاندنی تیرۆریستانی ئەلقاعیدە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەقڵییەتی دەستەبژێری سیاسیی شیعە ئامانجیان خۆسەپاندن و تۆڵەکردنەوە بوو، لەبری ئەوەی ئەو تێکشکاندنەی تیرۆریستانی قاعیدە بکەنە بنەمایەك بۆ بونیادنانەوەی حوکمڕانی لەسەر بنەمای هاوبەشی و پێکەوەسازان و هاوسەنگی لە نێوان هەر سێ پێکهاتەی سەرەکی (شیعە و سوننە و کورد) و دەوڵەتی عێراق وەك دەوڵەتێکی فیدراڵی و دیموکراتی و پەرلەمانی بونیاد بنێننەوە، هاتن تەکتیکی هێزەکانی ئەمریکا بۆ تێکشکاندنی تیرۆریستانی داعشیان، دووبارە بەکار هێنایەوە بۆ دژایەتیکردنی کورد و سوننە، هەر بۆ نموونە ژەنراڵ پەتریۆس فەرماندەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق، بۆ تێکشکاندنی تیرۆریستانی ئەلقاعیدە، فەرماندەیی بەغدای دروست کرد، بۆ ئەوەی ئەم فەرماندەییە سەرکردایەتیی تەواوی ناوچەکانی بەغدا بکات بۆ پاککردنەوەی ئەو ناوچانە لە تیرۆریستانی ئەلقاعیدە و ڕاستەوخۆش سەرپەرشتیی هێزەکانی سەحوەی هۆزەکانی عەرەبی سوننەی دەکرد، نوری مالیکیش دوای ئەوەی ڕێکخراوی تیرۆریستانی قاعیدە لە عێراقدا بوونیان

**سرووشتی پرۆسەی سیاسیی عێراق و ئەقڵییەتی حوکمڕانیی لایەنە شیعەکان لە ماوەی ١٥ ساڵی ڕابردوو خۆی سەرچاوەی دروستکردنی کێشەکان بووە، نەک چارەسەرکردنی کێشەکان**

**سیاسەتی شیعەگەرایی بەغدا، فیتنەی مەزهەبگەرایی ١٤٠٠ ساڵی نێوان شیعە و سوننە دووبارە زیندوو کردەوە، هەر بۆیە هەموو ڕێکخراوە جیهادییەکانی سوننە لە جیهاندا بوونە پاڵپشتی داعش و بە هەموو شێوەیەک یارمەتییان دەدا**

**دوای ئەوەی کە شەڕی داعش بووە شەڕێکی جیهانی لە دژی ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستییە، ڕێگە بۆ میلیشیاکانی شیعە لە عێراق و سووریا تەخت بوو، بۆ ئەوەی لەژێر پەردەی شەڕی دژی داعش درێژە بە سیاسەتی شیعەگەرایی بدەن و تۆختری بکەنەوە، بەڵام شەڕی دژی داعش ئەمانەی هەموو شاردبووەوە، هەر ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی کە دەستەبژێری دەسەڵاتدار لە بەغدا و میلیشیاکانی حەشدی شەعبی بیر لەوە بکەنەوە ئەم فرسەتەی شەڕی داعش بقۆزنەوە و هەرێمی کوردستانیش بسڕنەوە**

**پێش ئەوەی سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان بڕیاری ئەوە بدات کە پرۆسەی ریفراندۆم لە ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧ ئەنجام دەدرێت، فەرماندەی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی بە ئاشکرا و بە رێگەی گرتەی ڤیدیۆ هەڕەشەیان لە کوردستان دەکرد، بەوەی کە دوای داعش هێرش دەکەنە سەر کوردستان**

**ماوەیەکی کەم دوای ئەوەی حکومەتی عێراق جاری سەرکەوتنی لە شەڕی دژی داعش راگەیاند، سەرلەنوێ جموجووڵی تیرۆریستانی داعش دەستی پێکردەوە و کەوتنەوە ئەنجامدانی کاری تیرۆریستی لە دژی هاووڵاتیانی ناوچەکە و هەروەها هێزەکانی حەشدی شەعبی کە لەو ناوچانە بوونیان هەیە**

**راپەڕینی عەرەبی شیعەی عێراق دژی بەناو حوکمڕانیی شیعە لە بەغدا، ئەو مانایەی هەیە کە ئاکامی سیاسەتی (تۆڵەسەندنەوە و خۆسەپاندن) کە ئەم دەستەبژێرە لەماوەی ١٥ ساڵی رابردوو لە حوکمڕانیی عێراقدا پیادەیان کردووە، بێجگە لە ماڵکاولی بۆ هەموو عێراقییەکان بەگشتی و تائیفەی عەرەبی شیعە لە عێراقدا، هیچ ئاکامێکی دیکەی نەبووە**

ئەمما، جیا لەوەی بە بیانووی جیاواز هەوڵی هەڵوەشانەوەی هێزەکانی سەحوەی سوننەی دا، لە هەمانکاتدا چەند فەرماندەییەکی دروستکرد و هەر یەکێك لەو فەرماندەییانە ئەرکی کۆنترۆڵکردنی ناوچەیەکی پێ سپاردن، کە یەکێك لەو فەرماندەییانە (فەرماندەیی هێزەکانی دیجلە) بوو، کە نوری مالیکی ئەرکی داگیرکردنەوەی ناوچەکانی خانەقین و کەرکوکی پێ سپاردبوون، ئەوکات بەڕێز مسعود بارزانی وەك سەرۆکی هەرێمی کوردستان و فەرماندەی گشتیی هێزی پێشمەرگە، فەرمانی دا کە هێزی پێشمەرگە بجووڵێت و رووبەڕووی هێزەکانی دیجلە ببێتەوە و ئەگەر ناوبژیوانیی هێزەکانی ئەمریکا نەبوایە، شەڕێکی گەورە لە نێوان پێشمەرگە و هێزەکانی دیجلە دروست دەبوو. لەدوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکاش لە عێراق، ئیدی دەرگای گەورەتر بۆ دەستەبژێری سیاسی و دەسەڵاتداری شیعە کرایەوە بۆ ئەوەی بە ئاشکرا سیاسەتی (تۆڵەسەندنەوە و خۆسەپاندن) دەست پێ بکەن، لەلایەك دژی سوننە کە لەژێر پەردەی دژایەتیکردنی تیرۆر بەشی هەرە زۆری ئەو سەرکردانەی سوننە کە لەناو پرۆسەی سیاسیی عێراقدا بوون دوورخرانەوە و ناچارکران وڵات بەجێبهێڵن، لەناو ناوچەی سەوزیشدا حکومەتەکەی نوری مالیکی دادگایەکی دروستکرد کە بە یاسای تیرۆر دادگایی ئەو گەنجانەی عەرەبی سوننەی دەکرد کە دژی سیاسەتی مەزهەبگەرایی حکومەتی عێراق ناڕەزایییان دەردەبڕی، ئەمە وایکرد کە عەرەبی سوننەی عێراق بە تەواوەتی هەست بەوە بکات کە حکومەتی شیعەگەرای بەغدا بە شێوەیەکی سیستماتیك ئامانجی ئەوەیە پاکتاوی عەرەبی سوننە بکات، بۆیە بە پێچەوانەی ساڵی ٢٠٠٧ کە عەرەبی سوننە خۆیان رێکخراوی تیرۆریستیی ئەلقاعیدەیان لەناو برد، ئەمجارەیان بەشێکی زۆریان خۆیان باوەشیان بۆ پاشماوەکانی رێکخراوی ئەلقاعیدە کردەوە رێکخراوەکەیان زیندوو کردەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئامانجی ئەمجارەیان رووبەڕووبوونەوە بوو بە چەك دژی حکومەتی عێراق، بۆیە رێکخراوی قاعیدەی لقی عێراق ناوەکەی خۆی گۆڕی



بۆ (دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام – داعش)، لەوانەیە گۆڕینی ناوی ( ئەلقاعیدە) بۆ (داعش) جێگەی ئەو پرسیارە بێت، ئایا مەبەست لەم ناو گۆڕینە چی بوو؟ بێگومان رێکخراوی ئەلقاعیدە کە لە سەرەتاوە لەسەر دەستی ئوسامە بن لادن دامەزراوە، لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراوە کە رێکخراوی تیرۆریستیی ئەلقاعیدە، شکۆی هێزەکانی ئەمریکا و رۆژئاوا بشکێنێت، ئەوجا دەوڵەتی ئیسلامی رابگەیەنێت،



بەڵام داعش، ئەم بنەمایەی گۆڕی بەوەی کە دەبێت لە عێراق و شام، عەرەبی سوننە لە سیاسەتی شیعەگەرایی (دیمەشق و بەغدا) رزگار بکرێت و ئەمەش تەنیا بە دامەزراندنی دەوڵەتێك دەبێت لە هەردوو بەشە عەرەبییە سوننەکەی عێراق و سووریا. هەر بۆیە دوای ئەوەی لە حوزەیرانی ٢٠١٤ هێزەکانی عێراق لە بەردەم هێرشێکی داعشدا خۆیان بەدەستەوە دا و شەڕیان نەکرد، داعش دەوڵەتی ئیسلامی لە موسڵەوە لە عێراق و سووریا راگەیاند، ئەم سەرکەوتنەی داعش وایکرد کە بەشی زۆری لقەکانی رێکخراوی ئەلقاعیدە لە ئەفغانستانەوە تا نەیجیریا بەیعەت بۆ داعش بکەن و، بەمەش رێکخراوی تیرۆریستیی ئەلقاعیدە بە ئاستێك لاواز بوو، کە داعش توانی بە تەواوەتی جێگەی بگرێتەوە و سنووری خەلافەتەکەی داعشیش توانی عێراق و سووریا تێپەڕێنێت و تەواوی کەوانەی ئەفغانستان تا نەیجیریا

**گەشبینیی هەستیار، گەیشتنی شەقامی میللی سیاسیی عەرەبی شیعەیە بەو قەناعەتەی کە دەپرسن: بۆچی هەولێر وێڕای ئەوەی بەغدا داهاتیشی ناداتێ، بەڵام باری گوزەرانی خەڵک و دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دابینکردنی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانی لە هەموو شارەکانی دیکەی عێراق باشترە؟**

**بەپێی ئامارەکانی بانک و دراوی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوی شەفافییەتی نێودەوڵەتی، عێراق لە ڕووی سیستمی حوکمڕانی و دابینکردنی خزمەتگوزارییەوە بۆ هاووڵاتیانی، لە هەرە خراپترین دەوڵەتەکانی ناوچەکەیە**

**هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٢ گەیشتووەتە ئەو قەناعەتەی ئەم شێوازەی پرۆسەی سیاسیی عێراقی لەسەر بەڕێوەدەچێت، عێراق بەرەو دیکتاتۆریەتێکی سەرکوتکار و شەڕێکی ناوخۆیی خوێناوی دەبات، ئەوجا ئەو شەڕە ناوخۆییە لە نێوان کورد و عەرەب بێت لەسەر ئاستی نەتەوەیی، یان لە نێوان شیعە و سوننە بێت لەسەر ئاستی مەزهەبی، یان شەڕی ناوخۆی نێوان پێکهاتەکان و حکومەتی عێراقی بێت**

بگرێتەوە. ئەمەش بووە ئەو مەترسییەی کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش، هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش ڕابگەیەنێت بۆ ئەوەی ئەم بەڵایە لە کۆڵ جیهان بکاتەوە.

پرسیاری دیکە لێرەدا ئەوەیە بۆچی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش بەو خێراییە بووە ئەو مەترسییە گەورەیە بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی جیهان؟ بێگومان وەڵامی ئەم پرسیارە لەو خاڵەوە سەرچاوە دەگرێت کە سیاسەتی شیعەگەرایی بەغدا، فیتنەی مەزهەبگەرایی ١٤٠٠ ساڵی نێوان شیعە و سوننە دووبارە زیندوو کردەوە، هەر بۆیە هەموو ڕێکخراوە جیهادییەکانی سوننە لە جیهاندا بوونە پاڵپشتی داعش و بە هەموو شێوەیەك یارمەتییان دەدا، بەهەمان شێوە هەموو ڕێکخراوە جیهادییەکانی شیعەش لە سەرانسەری جیهان بوونە هاوکاری ئەو میلیشیا جیهادییانەی شیعە کە لە سووریا و عێراق شەڕیان لە دژی داعش دەکرد.

دیارە حکومەتی ئەمریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش بە تەواوەتی دەیانزانی کە سەرهەڵدانی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش و داگیرکردنی موسڵ پەیوەندی بە دووبارە زیندووکردنەوەی شەڕی ١٤٠٠ ساڵەی نێوان شیعە و سوننەوە هەیە، بۆیە هەتا داعش پەلاماری کوردستانی نەدا، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هیچ کاردانەوەیەکی نەبوو، هەر ئەمەش بوو کە لە سەرەتای داگیرکردنی موسڵ و نزیکبوونەوەی داعش لە دەوروبەری بەغدا، ئایەتوڵا سیستانی فەتوای دەرکرد کە دەبێت خەڵکی شیعە لە چوارچێوەی حەشدی شەعبی چەك هەڵبگرێت، ئەم فەتوایەی ئایەتوڵا سیستانی بۆ حەشدی شەعبی دیسان بەڵگەیەکی دیکەیە بۆ ئەوەی شەڕی ١٤٠٠ ساڵەی شیعە و سوننە دووبارە زیندوو کرایەوە.

دوای ئەوەی داعش پەلاماری کوردستانی دا و شاری شنگالی گرت و کوردانی ئێزدی ژینۆساید کرد، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ناچار بوو هەڵوێست وەربگرێت و خۆی بکات بە بەشێك لەشەڕی دژی داعش، دوای ئەوەش کە شەڕی داعش بووە شەڕێکی جیهانی لە دژی ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستییە، ڕێگە بۆ میلیشیاکانی شیعە لە عێراق و سووریا تەخت بوو، بۆ ئەوەی لە ژێر پەردەی شەڕی دژی داعش درێژە بە سیاسەتی شیعەگەرایی بدەن و تۆختری بکەنەوە، بەڵام شەڕی دژی داعش ئەمانەی هەموو شاردبووەوە، هەر ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی کە دەستەبژێری دەسەڵاتدار لە بەغدا و میلیشیاکانی حەشدی شەعبی بیر لەوە بکەنەوە ئەم فرسەتەی شەڕی داعش بقۆزنەوە و هەرێمی کوردستانیش بسڕنەوە. بێگومان پێش ئەوەی سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان بڕیاری ئەوە بدات کە پرۆسەی ریفراندۆم لە ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧ ئەنجام دەدرێت، فەرماندەی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی بە ئاشکرا و بە ڕێگەی گرتەی ڤیدیۆ هەڕەشەیان لە کوردستان دەکرد، بەوەی کە دوای داعش هێرش دەکەنە سەر کوردستان. سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان گەیشتبووە ئەو قەناعەتە کە ئەو ئەقلییەتەی دەستەبژێری حوکمڕانیی شیعە و میلیشیاکانی حەشدی شەعبی هەر هێرش دەکەنە سەر کوردستان، بۆیە هەوڵیدا دەستپێشخەری بکات و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بگەیەنێتە ئەو قەناعەتەی کە لەگەڵ ئەو ئەقلییەتە پێکەوەژیان بوونی نابێت، بەڵام بەداخەوە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەم پەیامە ئاشتیخوازانەی کوردستان تێنەگەیشت کە خەڵکی کوردستان لە ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧ دەریبڕی، بۆیە دەستەبژێری دەسەڵاتدارانی بەغدا و میلیشیاکانی حەشدی شەعبی لە ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ پەلاماری کوردستانیان دا و کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکانی دیکەی دەرەوەی هەرێمی کوردستانیان داگیرکردەوە.

بێگومان بە ماوەیەکی کەم دوای ئەوەی حکومەتی عێراق جاڕی سەرکەوتنی لە شەڕی دژی داعش ڕاگەیاند، سەرلەنوێ جموجوڵی تیرۆریستانی داعش دەستی پێکردەوە و کەوتنەوە ئەنجامدانی کاری تیرۆریستی لە دژی هاووڵاتیانی ناوچەکە و هەروەها هێزەکانی حەشدی شەعبی کە لەو ناوچانە بوونیان هەیە. پاش ئەوەی تیرۆریستانی داعش چەند چەکدارێکی حەشدی شەعبییان کوشت و تەرمەکانیان برایەوە بۆ نەجەف و کەربەلا، خەڵکی ئەو دوو شارە لە میانەی

خۆپیشاندانێکی گەورە ئەو تەرمانەیان بە خاك سپارد و بە ئاشکراش رایانگەیاند کە رێگە نادەن هیچ بەرپرسێکی حکومەتی عێراق بەشداریی پرسەکەیان بکات.

ئەم پەیامەی خۆپیشاندەرانی رێورەسمی ناشتنی تەرمەکان لە کەربەلا و نەجەف، پەیامێکی ئاشکرا بوو بۆ دانیشتووانی شیعەی ناوەڕاست و باشوور، کە ئەم حکومەتەی ئێستا لەگەڵ ئەوەی بەدەیان هەزار لاوی شیعەی لە شەڕی دژی داعش بە کوشتن داوە، بەڵام لەبەر ئەوەی سیاسەتی ئەم حکومەتە خۆی هۆکاری سەرهەڵدانی ریکخراوی تیرۆریستیی داعشە، ئەوا هەتا ئەم ئەقڵییەتە حوکمڕانی بکات، ئەم رێکخراوە کۆتایی نایەت و ناشتوانێت هیچ خزمەتگوزارییەك پێشکەشی هاوولاتیانی بکات.

کەواتە زەمینە بۆ خۆپیشاندانەکانی بەسرە لەبار بوو و تەنیا پێویستی بە بیانوویەك بوو، دیارە ئەو بیانووەش لەگەڵ کەمبوونەوەی تەزووی کارەبا لە شارەکە بووە ئەو پزیسکەی کە بارودۆخەکەی تەقاندەوە و دوای ئەویش تەواوی شارەکانی باشوور و بەغداشی گرتەوە.

دیارە راپەڕینی عەرەبی شیعەی عێراق دژی بەناو حوکمڕانیی شیعە لە بەغدا، ئەو مانایەی هەیە کە ئاکامی سیاسەتی (تۆڵەسەندنەوە و خۆسەپاندن) کە ئەم دەستەبژێرە لەماوەی ١٥ساڵی رابردوو لە حوکمڕانیی عێراقدا پیادەیان کردووە، بێجگە لەماڵکاولی بۆ هەموو عێراقییەکان بەگشتی و تائیفەی عەرەبی شیعە لە عێراقدا، هیچ ئاکامێکی دیکەی نەبووە، ئەم دەستەبژیرە شیعەی دەسەلاتداریش باش لەو پەیامە تێگەیشتوون، ئەگەر بە هەر نرخێك بێت ئەو خۆپیشاندانانە هێور نەکەنەوە ئەوا لە عێراقدا کۆتاییان هاتووە و جارێکی دیکە خۆیان لە پرۆسەی حوکمڕانیدا نابیننەوە.

## ● هەرێمی کوردستان
## لە چاوەڕوانیی گەشبینییەکی هەستیاردا

گەشبینیی هەستیار لەناو گێژاوی ئەو پرۆسە سیاسییەی عێراقی تێکەوتووە، دەربڕینی خۆشحاڵییەکی تۆڵەئامێز نییە بەرامبەر بە حکومەتی بەغدا کە ئەو هەموو غەدرەی بەرامبەر بە کوردستان کردووە، بەڵکو گەشبینی هەستیار بەو مانایەی دەڵێین کە چەندین ساڵ پێش ئێستا سەرکردایەتیی سیاسیی هەرێمی کوردستان بە هەموو جیهانی راگەیاند بەم شێوازە و بەم ئەقڵییەتەی ئێستا حوکمڕانی عێراقی پێدەکرێت، داهاتووی وڵاتەکە بەرەو ئایندەیەکی نادیار دەبات، گەشبینیی هەستیار، گەیشتنی شەقامی میللی سیاسیی عەرەبی شیعەیە بەو قەناعەتەی کە دەپرسن: بۆچی هەولێر وێڕای ئەوەی بەغدا داهاتیشی ناداتێ، بەڵام باری گوزەرانی خەڵك و دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دابینکردنی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانی لە هەموو شارەکانی دیکەی عێراق باشترە؟

لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتیش، گەشبینیی هەستیار دەبێتە ئەو مانایەی کە بەم ئەقڵییەتەی ئێستا حوکمڕانی عێراق دەکات، عێراق وەك دەوڵەت بەتایبەتی لەو ناوچانە بوونی نەماوە کە میلیشیاکانی حەشدی شەعبی تێیدا باڵادەستن، بۆیە ئەگەر ئەوان پێ لەسەر یەکپارچەیی عێراق دادەگرن، ئەو دەوڵەتە خۆی لە ناوچەی دەستەبژێری حوکمڕانیی عێراق بوونی نەماوە، هەتا داکۆکی لەسەر یەکپارچەییەکەی بکرێت، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بەگشتی و ئەمریکا بەتایبەتی، ئێستا کاتی ئەوە هاتووە سەرۆك ترەمپ زۆر بوێرانە، چۆن لەگەڵ سەرۆکی کۆریای باکوور کۆبووەوە و لەچەند رۆژی رابردووش لە هلسنکی لەگەڵ فلادیمیر پۆتینی سەرۆکی رووسیا کۆبووەوە، بە هەمان بوێری دان بەوەدا بنێت و بڵێت: نزیکەی ٧ ترلیۆن دۆلار و هەزاران قوربانیمان دا بۆ ئەوەی یەکپارچەیی عێراق بپارێزین، بەڵام شکستمان هێنا و نەمانتوانی بیپارێزین. لەمەش زیاتر بوێرانە بە جیهان بڵێت: نە لە عێراق و نە لە هیچ دەوڵەتێکی عەرەبی و ئیسلامی دەوڵەتێکی فیدراڵی و دیموکراتی و پەرلەمانی بونیاد نانرێتەوە.

لایەنێکی دیکەی گەشبینیی هەسیتار بۆ هەرێمی کوردستان ئەوەیە، وێڕای ئەوەی جوگرافیای ئەم هەرێمە وەك دورگەیەك وایە لەناو دەریایەك دوژمندا، هەموو دوژمنەکانیش ئاواتیانە هەموو رێگەیەك بگرنەبەر بۆ ئەوەی ئەم هەرێمە شکست بخوات و نەمێنێت، بەڵام بە شاهیدی دۆست و دوژمن، شێوازی

**وێڕای ئەوەی جوگرافیای ئەم هەرێمە وەک دورگەیەک وایە لەناو دەریایەک دوژمندا، هەموو دوژمنەکانیش ئاواتیانە هەموو رێگەیەک بگرنەبەر بۆ ئەوەی ئەم هەرێمە شکست بخوات و نەمێنێت، بەڵام بە شاهیدی دۆست و دوژمن، شێوازی حوکمڕانیی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەو هەموو رەخنەیەی خۆمان لەسەری هەمانە، هێشتا لە کۆی سیستمی هەموو دەوڵەتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا باشترە**

**هەر زوو هەرێمی کوردستان رایگەیاند نایەوێت بەشێک بێت لەو سیستمە دیکتاتۆرییە سەرکوتکارە و ناشیەوێت ببێتە بەشێک لە شەڕی نێوان کورد و عەرەب و ناشبێتە بەشێک لە شەڕی مەزهەبگەرایی شیعە و سوننە**

**هەم لەسەر ئاستی ناوخۆیی هێزە سیاسییەکانی شیعەی عێراق و هەمیش لەسەر ئاستی هەرێمی هەوڵێک هەیە بۆ ئەوەی بە ناوی رێکخستنەوەی نێوماڵی هێزە سیاسییەکانی شیعە گۆڕانکاری بەسەر ئەقڵییەتی حوکمڕانیی و دەستەبژێری شیعەی عێراقدا نەیەت و جارێکی دیکەش بە هەمان ئەقڵییەتی (خۆسەپاندن و تۆڵەسەندنەوە) حوکمڕانیی عێراق بکەن**

حوکمڕانیی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەو هەموو ڕەخنەیەی خۆمان لەسەری هەمانە، هێشتا لە کۆی سیستمی هەموو دەوڵەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا باشترە، ئەمە لە کاتێکدا بەپێی ئامارەکانی بانك و دراوی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوی شەفافییەتی نێودەوڵەتی، عێراق لە ڕووی سیستمی حوکمڕانی و دابینکردنی خزمەتگوزارییەوە بۆ هاووڵاتیانی، لە هەرە خراپترین دەوڵەتەکانی ناوچەکەیە.

گەشبینیی هەستیار بۆ هەرێمی کوردستان بەو مانایەی دەکرێت کۆی لایەنە سیاسییەکانی عەرەبی سوننە و شیعە، هەروەها ئەو دەوڵەتانەشی کە پەیوەندیدارن لەگەڵ پرۆسەی سیاسیی عێراق، لە هەرێمی کوردستانەوە بۆ بەدیل و ڕێگەچارەی راستکردنەوەی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا بگەڕێن، هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٢ گەیشتووەتە ئەو قەناعەتەی ئەم شێوازەی پرۆسەی سیاسیی عێراقی لەسەر بەڕێوەدەچێت، عێراق بەرەو دیکتاتۆریەتێکی سەرکوتکار و شەڕێکی ناوخۆیی خوێناوی دەبات، ئەوجا ئەو شەڕە ناوخۆییە لە نێوان کورد و عەرەب بێت لەسەر ئاستی نەتەوەیی، یان لە نێوان شیعە و سوننە بێت لەسەر ئاستی مەزهەبی، یان شەڕی ناوخۆی نێوان پێکهاتەکان و حکومەتی عێراقی بێت، بۆیە هەر زوو هەرێمی کوردستان رایگەیاند نایەوێت بەشێك بێت لەو سیستمە دیکتاتۆرییە سەرکوتکارە و ناشیەوێت ببێتە بەشێك لە شەڕی نێوان کورد و عەرەب و ناشبێتە بەشێك لە شەڕی مەزهەبگەرایی شیعە و سوننە.

ئەوجا ئەگەر لێرەوە بگەڕێینەوە بۆ شێوازی مامەڵەکردنی هەرێمی کوردستان لەگەڵ پرۆسەی سیاسیی عێراق، دیارە لە ئێستادا هەموو هەوڵێك بۆ ئەوەیە پرۆسەکە بە تەواوی سڕبکرێت و کۆی لایەنە سیاسییەکانی شیعە هەوڵ بۆ هێورکردنەوەی خۆپیشاندانەکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق بدەن، لەمەش زیاتر باس لەوە دەکرێت، هەوڵێکی هەرێمیش لەلایەن دەوڵەتێکی دراوسێی عێراقەوە خراوەتەگەڕ بۆ ئەوەی پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق لانیکەم بۆ ماوەی شەش مانگ دوابخرێت، بۆ ئەوەی لە پێشدا بە تەواوەتی نێوماڵی لایەنە سیاسییەکانی شیعە ڕێکبخرێتەوە، ئەوجا هەوڵ بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی بخرێتەگەڕ.

ئەگەر بندێڕی ئەم قسەو باسانە بە وردی لێك بدرێتەوە، هەست دەکرێت هەم لەسەر ئاستی ناوخۆیی هێزە سیاسییەکانی شیعەی عێراق و هەمیش لەسەر ئاستی هەرێمی هەوڵێك هەیە بۆ ئەوەی بە ناوی ڕێکخستنەوەی نێوماڵی هێزە سیاسییەکانی شیعە گۆڕانکاری بەسەر ئەقڵییەتی حوکمڕانیی و دەستەبژێری شیعەی عێراقدا نەیەت و جارێکی دیکەش بە هەمان ئەقڵییەتی (خۆسەپاندن و تۆڵەسەندنەوە) حوکمڕانیی عێراق بکەن. بەڵام ئاستەنگی گەورە کە ڕووبەڕووی ئەم ئەقڵییەتی (خۆسەپاندن و تۆڵەسەندنەوە)یە دەبێت، ئەوەیە پێشتر ئەم ئەقڵییەتە بە تەنیا کێشەی لەگەڵ یەك پێکهاتە هەبوو، بۆیە دەیتوانی بە ئاسانی بەسەریدا زاڵ بێت، هەر بۆ نموونە کاتێك ئەم ئەقڵییەتە دەیویست لە ژێر پەردەی جۆراوجۆر عەرەبی سوننە سەرکوت بکات، تەنیا کێشەی لەگەڵ عەرەبی سوننە هەبوو، هەرێمی کوردستانیش کە هەرگیز نەیویستووە ببێتە بەشێك لە کێشەی مەزهەبیی نێوان شیعە و سوننە، بۆیە بێلایەن بووە، کاتێکیش ئەم ئەقڵییەتە ویستی دژایەتی ریفراندۆم و خواستی سەربەخۆیی کوردستان بکات، دیسان تەنیا کێشەی لەگەڵ کورد هەبووە و عەرەبی سوننە پشتگیری لێ کردووە، بەڵام ئەمجارەیان ئەم ئەقڵییەتی حوکمڕانییە بە یەکجار نەك هەر تەنیا کێشەی لەگەڵ سێ پێکهاتە سەرەکییەکە (شیعە و سوننە و کورد) هەیە، بەڵکو کێشەی لەگەڵ یەکەیەکەی هاووڵاتیانی عێراق هەیە و هەموو پێکەوە داوا دەکەن ئەم ئەقڵییەتە گۆڕانکاری بەسەردا بێت و بگۆڕێت.

پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە: ئایا ئەم دەستەبژێرە بە ئاسانی دەچنە ژێر گوشاری هاووڵاتیان و ئامادەن گۆڕانکاری بەسەر ئەو ئەقڵییەتە بهێنن و لەسەر بنەما و شێوازێکی دیکە حوکمڕانی لە عێراقدا ڕێکبخەنەوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە جێگەی ئومێد نییە، لەبەر ئەوەی لە ماوەی ١٥ ساڵی رابردوو کێ وەزیر بووبێت، یان سەرۆك وەزیران هەر

**هەوڵێکی هەرێمیش لەلایەن دەوڵەتێکی دراوسێی عێراقەوە خراوەتەگەڕ بۆ ئەوەی پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق لانیکەم بۆ ماوەی شەش مانگ دوابخرێت، بۆ ئەوەی لە پێشدا بە تەواوەتی نێوماڵی لایەنە سیاسییەکانی شیعە ڕێکبخرێتەوە، ئەوجا هەوڵ بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی بخرێتەگەڕ**

**بەرژەوەندیی دەستەبژێری شیعەی دەسەڵاتدار ئێستا لەوەدایە کە سەقامگیریی زیاتر بە پەیوەندی ئێستای نێوان هەولێر و بەغدا بدەن، هەروەها خۆیان تێکەڵاوی شێوازی بەڕێوەبردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان نەکەنەوە، چونکە کێشەکانیان زیاتر دەبێت و پاشان ناتوانن کۆنترۆڵی بکەنەوە**



بە هەمان ئەقڵییەت حوکمڕانیی کردووە و بێجگە لە بەرژەوەندی خۆی و حزبەکەی، نەیتوانیوە بیر لە داهاتووی عێراق بکاتەوە، بۆیە لەم خاڵەوە مەزندەکردن بۆ ئەوەی ئەم ئەقڵییەتە گۆڕانکاری بەسەردا بێت، بێجگە لە چاوەڕوانییەکی بێهوودە هیچی دیکەی لێ چاوەڕێ ناکرێت، بەڵام ئایا لە ناو ئەو هەموو کێشەی رووبەڕووی ئەم ئەقڵییەتی حوکمڕانییە دەبێتەوە، پەیوەندیی ناچاری و دیفاکتۆی نێوان هەولێر و بەغدا چی بەسەر دێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارەش بە شێوە تەقلیدییەکەی بەرەو ئەوەمان دەبات کە باشترین حاڵەت ئەوەیە بەغدا کێشەیەکی تازە لەگەڵ کوردستان دروست دەکات بۆ ئەوەی کێشەکانی دیکەی پێ بشارێتەوە، بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە، لە ئێستا دەسەڵاتدارانی بەغدا ئەمەیان پێناکرێت و ئەگەر پەنا بۆ کارێکی لەو جۆرە بەرن، بە زیانێکی گەورە بۆیان تەواو دەبێت، بۆیە مەزندەی نوێ لە ئاکامی رۆچوون بەناو کێشەکانی ناو گێژاوی پرۆسەی سیاسیی عێراق ئەوەیە کە بەرژەوەندیی دەستەبژێری شیعەی دەسەڵاتدار ئێستا لەوەدایە کە سەقامگیریی زیاتر بە پەیوەندی ئێستای نێوان هەولێر و بەغدا بدەن، هەروەها خۆیان تێکەڵی شێوازی بەڕێوەبردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان نەکەنەوە، چونکە کێشەکانیان زیاتر دەبێت و پاشان ناتوانن کۆنترۆڵی بکەنەوە، خۆ ئەگەر ئەقڵانەتریش بیربکەنەوە، هەوڵدەدەن لەگەڵ هەرێمی کوردستان، بۆ چارەسەری کێشەی کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمیش رێگەیەك بدۆزنەوە، خۆ ئەگەر ئەم هەنگاوە هەڵبگرن، ئەوا بازنەی کێشەکانیان بچووکتر دەبێتەوە، لە هەمانکاتدا هیوایەکیش بۆ عەرەبی سوننە و شیعەش دروست دەبێتەوە کە ئەقڵییەتی حوکمڕانی لە عێراقدا گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە و لە بری ئەوەی کێشە بە کێشەی تر بشارێتەوە، هەوڵدەدات چارەسەر بۆ کێشەکان بدۆزیتەوە، بەمەش متمانە دەگەڕێتەوە بۆ نێوان هاووڵاتی و حکومەت لە عێراقدا، کە ئێستا ئەو متمانەیە بوونی نەماوە.



مەسعود حەیدەر

ئەندامی لیژنەی دارایی لە خولی پێشووی پەرلەمانی عێراق بۆ گوڵان:

# کێشەی گەورەی حکومەتی عێراق ئەوەیە دامەزراوەکانی داتەپیون و دەوڵەت لەناو حزبەکاندا تواوەتەوە

# حکومەتی عێراق لەماوەی ٢٠٠٧-٢٠١٧ هەزار ملیار دۆلار داهاتی بووە، بەڵام خەڵکی بەسرە ئاوی سوێر دەخۆنەوە

**ماوەیەکە خۆپیشاندانێکی گەورە و جەماوەری لە باشووری عێراق و تەنانەت لە بەغدای پایتەختیش بە بارگرژییەکی زۆرەوە بەڕێوەدەچێت، خۆپیشاندەران هۆکارەکەی بۆ پەتای گەندەڵیی حوکمڕانانی عێراقی نوێ و دابیننەکردنی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان و پشتگوێخستنی خواست و داواکاریی هاووڵاتیان دەگەڕێننەوە، هەندێك لە چاودێرانی سیاسیش دەستتێوەردانی دەرەکی بە هۆکارێکی ئەو هەڵچوونەی شەقامی عێراقی دەزانن و رایانوایە مەبەست لەو دنەدان و دەستتێوەردانە، ئەوەیە کە هەناردەکردنی نەوتی عێراق رابوەستێت و نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهاندا بەرز ببێتەوە. ئەم رووداوانە و چەندین پرسی گرنگی هەنوکەیی تەوەری سەرەکیی ئەم دیدارەی گۆڤاری گوڵان لەگەڵ مەسعود حەیدەر ئەندامی لیژنەی دارایی لە خولی پێشووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق پێکدەهێنن.**

*** ئەو خۆپیشاندانانەی ماوەیەکە لە شارەکانی بەغدا و باشووری عێراق دەستیان پێکردووە، سەرەتا لە بەسرەوە دەستی پێکرد، خواست و داوای خۆپیشاندەران دابینکردنی خزمەتگوزاریی سەرەکی (ئاو و کارەبا)یە، وەك ئەندامی لیژنەی دارایی لە خولی پێشووی پەرلەمانی عێراق، پێتوایە بۆچی نەتوانراوە پارەی پێویست بۆ دابینکردنی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان دابین بکرێت؟**

- ئەو خۆپیشاندانانەی ئێستا روودەدەن، بەشێکی پەیوەندی بەو دەسەڵاتدارانەی عێراقەوە هەیە کە لە دوای ٢٠٠٣وە هەتا ئێستا حوکمڕانییان بە دەستەوە بووە، داهاتی عێراق لە ماوەی ساڵانی ٢٠٠٧-٢٠١٧ زیاتر لە یەك ترلیۆن دۆلار، واتە زیاتر لە ١٠٠٠ ملیار دۆلار بووە، بەشێکی زۆری ئەم پارەیە بەفیڕۆ دراوە و ئەگەر بە ناوی پڕۆژەشەوە تەرخان کرابێت، ئەوا پارەکە خەرج کراوە، بەڵام نەگەیشتووەتە دەستی هاووڵاتی و رەنگدانەوەی لەسەر ژیان و گوزەرانیان نەبووە، هەر بۆ نموونە لە ماوەی ١٠ ساڵی رابردوودا تەنیا بۆ وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاوی حکومەتی عێراق بڕی ٥ ملیار دۆلار سەرف کراوە، بۆ ئەوەی بەنداو دروست بکرێت، بەڵام یەك بەنداو دروست نەکراوە، هەر بۆیە ئێستا عێراق کێشەی ئاوی هەیە، هەروەها زیاتر لە ٣٠ ملیار دینار تەنیا بۆ دابینکردنی کارەبا سەرفکراوە، بەم پارەیە دەتوانرا زیاتر لە ٣٠ هەزار میگاوات کارەبا بەرهەم بهێنرێت و بەمەش کێشەی کارەبا لە عێراقدا کۆتایی دەهات و لەمەش زیاتر عێراق دەیتوانی بڕی ٨ هەزار میگاوات کارەباش بە دەوڵەتانی دراوسێ بفرۆشێت، بەڵام ئێستا رێژەی بەرهەمهێنانی کارەبا نزیکەی ١١-١٢ هەزار میگاواتە کە دەکاتە رێژەی ٥٠٪ کارەبا دابین دەکات، سەبارەت بە پڕۆژەی ئاوی خواردنەوەی بەسرە، ٣ ملیار دۆلار بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئاوی خواردنەوەی بەسرە خەرج کراوە و دەبوو ئێستا بەسرە کێشەی ئاوی خواردنەوەی نەبێت، بەڵام ئێستا خەڵکی بەسرە ئاوی سوێر دەخۆنەوە.

بەشێکی دیکەی ئەم بارودۆخە بە مەزندەی من پەیوەندی بە دەستتێوەردانی وڵاتانی دەوروبەری عێراقەوە هەیە، کە دەیانەوێت هەناردەکردنی نەوتی عێراق رابوەستێت و نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهان بەرز ببێتەوە، لەناو ئەو وڵاتانەشدا ئێران رۆڵێکی کاریگەری هەیە، لەلایەك دەیەوێت بەهۆی ئەم بارودۆخەی عێراقەوە جۆرێك لەو گوشار و پاڵەپەستۆ نێودەوڵەتییانەی لەسەریەتی خاوی بکاتەوە، لەلایەکی دیکە دەخوازێت بە هۆی ئەم خۆپیشاندانانەوە نێوماڵی شیعە

**لە ماوەی ١٠ ساڵی رابردوودا تەنیا بۆ وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاوی حکومەتی عێراق بڕی ٥ ملیار دۆلار سەرف کراوە، بۆ ئەوەی بەنداو دروست بکرێت، بەڵام یەک بەنداو دروست نەکراوە**

**عێراق یەکێکە لە خراپترین دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا بۆ رێزنەگرتن لە یاسا، چونکە بە هەموو شێوەیەک یاسا لە عێراقدا پێشێل دەکرێت**

**نرخی فرۆکە هەبووە کە بە ١٣ ملیۆن دۆلار لەسەر دەوڵەتی عێراق تۆمار کراوە، بەڵام کە لێکۆڵینەوە کراوە، دەرکەوتووە نرخەکەی تەنیا یەک ملیۆن دۆلار بووە**

**لە عێراقدا حزبە سیاسییەکان، وەزارەتەکان وەک کۆمپانیایەک سەیردەکەن بۆ خۆ دەوڵەمەندکردن، لەدوای ساڵی ٢٠٠٣وە هەموو ئەو حزبانەی بەشداربوون لە دروستکردنەوەی دەوڵەتی عێراقدا، خاوەنی رۆئیایەکی روون نەبوون بۆ چۆنیەتی بونیادنانەوەی ئابووریی دەوڵەتی عێراق**

رێکبخاتەوە و بەزووترین کات حکومەتی تازەی عێراق پێکبهێندرێت، بۆیە دەکرێت بڵێین هەموو ئەم بارودۆخە دەتوانین لە دوو پرسی سەرەکیدا رێکبخەینەوە، یەکەم: عێراق یەکێکە لە خراپترین دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا بۆ رێزنەگرتن لە یاسا، چونکە بە هەموو شێوەیەك یاسا لە عێراقدا پێشێل دەکرێت.

دووەم: هەر لەسەر هەمان ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا، عێراق یەکێکە لە خراپترین دەوڵەتەکان، لەسەر ئاستەکانی گەندەڵی، ئاستی پەروەردە و خوێندن و خوێندنی باڵا و خزمەتگوزاریی تەندروستی.

ئەم حاڵەتانەش هەمووی هۆکارەکەی ئەوەیە کە نەتوانراوە بە شێوەیەکی رێکوپێك سامانی گشتی لە عێراقدا بەڕێوەببرێت و بە ئاستێکی گەورە سامانی گشتی بەفیڕۆ دراوە.

*** ئایا ئەم بەفیڕۆدانەی سامانی گشتییە بەو ئاستە بەرفراوانە کێ لێی بەرپرسیارە؟ مەبەست ئەوەیە ئایا دەزانرێت چ لایەنێك ئەم سامانەی بەفیڕۆداوە؟**

- بێگومان بە پلەی یەکەم وەزیری وەزارەتەکان لێی بەرپرسیارن، بە پلەی دووهەمیش حکومەت بەرپرسیارە لە بەهەدەردانی سامانی گشتی، ئەگەر دیسان وەك نموونە بگەڕێینەوە سەر کارەبا، ئەوا حکومەتی عێراق لە ماوەی ساڵانی ٢٠٠٣-٢٠١٥ بە خەرجکردنی زیاتر لە ٣٠ ملیار دۆلار توانیویەتی تەنیا ٥ هەزار میگاوات کارەبا زیاد بکات، لەسەر ئەم پرسە و لە کۆبوونەوەیەکدا کە تیایدا جیگری سەرۆك وەزیران و وەزیری کارەبا و نەوت ئامادە بوون، من بە هاوکێشەیەکی حیسابی بۆم روونکردنەوە، ئەگەر عێراق بە هەمان شێوازی ١٣ ساڵی رابردوو بیەوێت کێشەی کارەبا چارەسەر بکات، ئەوا هەتا ٣٠ ساڵی دیکە کێشەی کارەبای بۆ چارەسەر ناکرێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە ئاسایشی کارەبای عێراق گرێ دراوەتەوە بە بەرژەوەندیی وڵاتانی هەرێمییەوە، هەر بۆ نموونە عێراق ساڵانە بە بەهای چەندین ملیار دۆلار گازی سرووشتی لە ئێران دەکرێت، بۆ ئەوەی وێستگەکانی پێ بخاتەکار، ئەمە لە کاتێکدا دەتوانرا بانگهێشتی چەندین کۆمپانیای خاوەن ئەزموون بکات و کۆنتراکتیان لەگەڵدا ئیمزا بکات، کە هەم بتوانێت کێشەی بەرهەمهێنانی کارەبا چارەسەر بکات، هەمیش سووتەمەنیی بۆ دابین بکات، بەڵام ئەمەیان نەکردووە، یان رێگری هەبووە کە نەکرێت، لەبەر ئەوەی لە عێراقدا حزبە سیاسییەکان، وەزارەتەکان وەك کۆمپانیایەك سەیردەکەن بۆ خۆ دەوڵەمەندکردن، لەدوای ساڵی ٢٠٠٣وە هەموو ئەو حزبانەی بەشداربوون لە دروستکردنەوەی دەوڵەتی عێراقدا، خاوەنی رۆئیایەکی روون نەبوون بۆ چۆنیەتی بونیادنانەوەی ئابووریی دەوڵەتی عێراق، ئەگەر لە نووسینەوەی دەستوورەوە سەرنج بدەین کە وەك مەرجەعێکە بۆ کۆکردنەوەی پێکهاتەکانی عێراق، دەبینین پێکهاتەی عەرەبی سوننە جگە لەوەی بەشداری لە نووسینەوەی دەستوورەکە نەکردووە و لە دەستوورەکە ناڕازی بووە، پێکهاتەی عەرەبی شیعەش لە دەستوورەکە پاشگەز بوونەوە و کاریان پێنەکردووە، یان لە باشترین حاڵەتدا بە شێوەیەکی ئینتیقائییانە مامەڵەیان لەگەڵ کردووە و ئەوەی بە باشیان زانیوە بۆ خۆیان، جێبەجێیان کردووە، ئەوەشی بە بە باشیان نەزانیوە پشتگوێیان خستووە، بۆیە نەتوانرا دەوڵەتێکی فیدراڵی و خاوەن ئابوورییەکی بەهێز دابمەزرێنن.

*** ئایا سەبارەت بە پەتای گەندەڵی، ئێوە وەك لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق کارتان لەسەر ئەو دۆسیێیانەی گەندەڵی کردووە؟**

- ئێمە کۆنتراکتی زۆربەی وەزارەتەکانمان بینیوە و لە ناو ئەو کۆنتراکانەشدا، هەر بۆ نموونە لە کۆنتراکتەکانی وەزارەتی بەرگری، زۆر کۆنتراکتمان ئاشکرا کردووە کە گەندەڵی تیادا کراوە و داومانە بە لیژنەی دەستپاکی و هەروەها بۆ رای گشتیش بڵاومان کردووەتەوە، ئەگەر لێرەدا ئاماژە بە نموونەیەکی گەندەڵیی ناو ئەو کۆنتراکتانە بکەم، ئەوا لەو کۆنتراکتانە نرخی فڕۆکە هەبووە کە بە ١٣ ملیۆن دۆلار لەسەر دەوڵەتی عێراق تۆمار کراوە، بەڵام کە لێکۆڵینەوە کراوە، دەرکەوتووە کە نرخەکەی تەنیا یەك ملیۆن دۆلار بووە، من کۆنتراکتی هەموو چەك کڕینەکانی وەزارەتی بەرگریی عێراقم لەلایە، بۆیە راشکاوانە دەڵێم هەردوو وەزارەتی بەرگری و کارەبا لە هەرە گەندەڵترین وەزارەتەکانی عێراقن و سەرەچاوەی سەرەکیی بە هەدەردانی سامانی گشتین لە عێراقدا، ئەوجا پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە، ئایا بۆ ئەم خەڵکانە لێپێچینەوەی یاساییان لەگەڵدا ناکرێت؟ بێگومان وەڵامەکەی ئەوەیە کە دەسەڵاتی دادوەری لە عێراقدا بە سیاسی کراوەو سەربەخۆ نییە و خراوەتە خزمەتی سیاسییەکانەوە، هەر بۆیە هەتا ئێستا وێڕای ئەوەی چەندین

کەیسی گەندەڵی بە بەڵگەوە سەلمێندراوە، بەڵام بەرپرسێکی باڵای حکومەتی عێراق ڕووبەڕووی دادگا نەکراوەتەوە.

*** کەواتە ئەمە ئەوە دەگەیەنێت، ئاستی نزمیی بەشداریی هاووڵاتیان لە ناوەڕاست و باشووری عێراق لە هەڵبژاردنەکانی ١٢ی ئایاری ڕابردوو، جۆرێکە لە تووڕەبوونی خەڵکی دژی حزبەکان و سیاسییەکان؟**

- بەڵێ، بێگومان نزمیی ئاستی بەشداریی خەڵک لە هەڵبژاردنەکانی ئایاری ڕابردوو، پەیامی خەڵک بوو بۆ هەموو حزبە سیاسییەکان بەوەی ناڕازین لەو بارودۆخە سیاسییەی ئێستا کە عێراقی تێدا بەڕێوەدەچێت و چیتر متمانەیان بە پرۆسەی سیاسیی عێراق نەماوە و دەزانن کە هیچ حزبێکی سیاسی لە عێراقدا ناتوانێت ئەو بارودۆخە ڕاست بکاتەوە، هەر بۆیە ڕێژەی بەشداریی خەڵک زۆر لەو ٤٥٪ـەش کەمتر بوو کە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان ڕایگەیاندبوو، بە کردەیی ڕێژەی بەشداریی ڕاستەقینەی خەڵک لە نێوان ٢٠-٣٠٪ بووە، بۆیە تووڕەبوونی خەڵک لە پرۆسەی سیاسی و تووڕەبوونی خەڵک لە نەبوونی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان و لە چەقبەستوویی پرۆسەی سیاسی بە هۆی ئاکامەکانی هەڵبژاردنەوە، هەموو پێکەوە ئەو ژینگەیەیان دروستکرد کە تووڕەیی خەڵکی لە شەقامی پارێزگاکانی عێراقدا بتەقێتەوە. لەم تەقینەوەیەشدا تووڕەبوونەکەیان بەرامبەر بارەگای ئەو حزبانە دەربڕی و بارەگاکانیان سووتاند، لەبەر ئەوەی خەڵک ئەو حزبە سیاسییانە بە سەرچاوەی نەهامەتی و نەبوونی خزمەتگوزارییەکان دەزانن.

*** ئەگەر بگەڕێینەوە سەر بەسڕە، دیارە کێشەی خەڵکی بەسڕە تەنیا خزمەتگوزاریی ئاو و کارەبا نییە، بەڵکو بێکارییش هۆکارێکی دیکەیە، بەسڕەش پێش ئەوەی شارێکی خاوەن نەوت بێت، شارێکی کشتوکاڵییش بووە، بەڵام ئێستا لە ئێرانەوە خورما بۆ بەسڕە هاوردە دەکرێت، ئایا بۆچی لەو شارەدا کشتوکاڵ نەماوە وەك سەرچاوەیەك بۆ هەلی کاری ئەو شارە؟**

- بەسڕە لە ڕووی کشتوکاڵەوە بە شێوەیەکی گشتی پشتگوێ خراوە، لەمەش زیاتر ئەوەیە ئێستا لەسەر حیسابی کەرتی کشتوکاڵ بەشێکی زۆری دارستانەکانی دار خورما وێران دەکرێت، بۆ ئەوەی کۆمپانیاکان بە دوای دۆزینەوەی نەوتدا بگەڕێن، بۆیە ئێستا وەك خۆتان ئاماژەی پێ دەکەن، خورما بۆ بەسڕە هاوردە دەکرێت، بێگومان ناکرێت کێشەکانی بەسرە هەمووی بخرێنە ئەستۆی حکومەتی فیدراڵی، بەڵکو حکومەتە خۆجێیەکانی پارێزگاکانی عێراق گەندەڵترین دامەزراوەی دەوڵەتن و زۆرترین گەندەڵی کارگێڕی و دارایی لەو حکومەتە خۆجێیانەی پارێزگاکانی باشووری عێراقدا دەکرێن، لەمەدا حکومەتی فیدراڵیش بەرپرسیاریەتی دەکەوێتە سەرشان، لەبەر ئەوەی وەك پێویست بەدواداچوونی نەکردووە، بۆیە ئێستا کێشەکان ئاوا کەڵەکە بوون، بەشێوەیەکی گشتی حکومەتی عێراق پلانی نەبووە بۆ ئەوەی هانی بەرهەمی ناوخۆیی بدات و، بە ڕێژەی ٩٠٪ پشتی بە داهاتی نەوت بەستووە، بەڵام ئەم داهاتە زۆرەی لە کەرتی نەوتیش هاتۆتەبەردەست، نەیانتوانیوە ئابوورییەکی بەهێزی پێ دابمەزرێنن و فرەیی لە سەرچاوەی داهات دروست بکەن، بۆیە عێراق هەموو سێکتەرەکانی دیکەی سەرچاوەی داهاتی پشتگوێ خستووە و لەناویاندا یەکێکیان سێکتەری کشتوکاڵییە. ئاشکرا لە وڵاتانی دراوسێی عێراق بەتایبەتی (ئێران، تورکیا، ئوردن و سووریای پێش ئەم شەڕەش) کەرتی کشتوکاڵ یەکێکە لە سێکتەرە گرنگەکانی سەرچاوەی داهاتی ئەو وڵاتانە، بەڵام نەبوونی سیاسەتێکی باش بۆ حوکمڕانی بووەتە هۆکاری ئەوەی کە پشت بە بەرهەمی دەرەکی ببەستین و جووتیارانیش لەو کەرتە گرنگە نەتوانن وەبەرهێنان بکەن و بیکەنە سەرچاوەی بژێوی ڕۆژانەیان.

*** لە یەك دوو ساڵی ڕابردوو هەوڵێك لەلایەن سندوقی دراو و بانکی نێودەوڵەتی هەبوو، بۆ ئەوەی هاریکاری عێراق بکەن، کە بتوانێت ریفۆرمی دارایی و کارگێڕی ئەنجام بدات، ئایا تاچەند حکومەتی عێراق لەو هەوڵانە سوودمەند بووە؟**

- دیارە دەتوانرێت سوودێکی یەکجار زۆر بۆ ریفۆرمی ئابووری و کارگێڕی لە دامەزراوەکانی سندوقی دراو و بانکی نیودەوڵەتی وەربگیردرێت، گرنگترین کار بۆ حکومەتی عێراق ئەوەیە خەرجی کەرتی گشتی کەم بکاتەوە و هەوڵبدات کەرتی تایبەت کارا بکرێتەوە، تەنیا مووچەی عێراق ساڵانە نزیکەی ٥١ ترلیۆن دۆلارە، ئەم بڕە دەکاتە ٥٠٪ی کۆی داهاتی عێراق و لە هیچ وڵاتێکی جیهاندا ئەم ڕێژە بەرزە بوونی نییە، وڵاتانی دیکە بەشێکی زۆری سەرچاوەی هەلی کار لە کەرتی تایبەت دابین دەکەن، خاڵێکی دیکە دەبێت حکومەتی عێراق هەوڵبدات بە ئامرازی جیاواز خەرجییەکانی کەرتی گشتی کەم بکاتەوە. کێشەی

**هەردوو وەزارەتی بەرگری و کارەبا لە هەرە گەندەڵترین وەزارەتەکانی عێراقن و سەرەچاوەی سەرەکیی بە هەدەردانی سامانی گشتیین لە عێراقدا**

**دەسەڵاتی دادوەری لە عێراقدا بە سیاسی کراوە و سەربەخۆ نییە و خراوەتە خزمەتی سیاسییەکانەوە، هەر بۆیە هەتا ئێستا وێڕای ئەوەی چەندین کەیسی گەندەڵی بە بەڵگەوە سەلمێندراوە، بەڵام بەرپرسێکی باڵای حکومەتی عێراق ڕووبەڕووی دادگا نەکراوەتەوە**

**نزمیی ئاستی بەشداریی خەڵک لە هەڵبژاردنەکانی ئایاری ڕابردوو، پەیامی خەڵک بوو بۆ هەموو حزبە سیاسییەکان بەوەی ناڕازین لەو بارودۆخە سیاسییەی ئێستا کە عێراقی تێدا بەڕێوەدەچێت و چیتر متمانەیان بە پرۆسەی سیاسیی عێراق نەماوە و دەزانن کە هیچ حزبێکی سیاسی لە عێراقدا ناتوانێت ئەو بارودۆخە ڕاست بکاتەوە**

گەورەی حکومەتی عێراق ئەوەیە دامەزراوەکانی داتەپیون و دەوڵەت لەناو حزبەکاندا تواوەتەوە، هەر بۆ نموونە لە سندوقی خانەنشینی ٧ ملۆن کەس مووچە وەردەگرن، کە نزیکەی ٩٠٠ هەزار کەسیان بندیوارن و سەر بە حزبە سیاسییەکانن، کە ئەگەر بە رێژە وەریبگرین، دەبیین دەکاتە نزیکەی ٢٣٪ی داهاتی عێراق لە ساڵێکدا، بۆیە ئەم پارەی دەوڵەت بە رێگەی وەهمی دەچێت بۆ حزبەکان و ئەو خەڵکانە بوونەتە بار بەسەر دامەزراوەکانی دەوڵەتی عێراقەوە.

*** ئەو سێکتەرانەی کە پەیوەندی راستەوخۆی بە ژیان و گوزەرانی خەڵکەوە هەیە، بوونەتە فاکتەری ناسەقامگیری، ئایا پێتوایە دەتوانرێت ئەم سێکتەرانە رێکبخرێنەوە؟**

- سەبارەت بە سەقامگیریی کۆمەڵایەتی سێ فاکتەری گرنگ هەن، کە دەبێت زیاد لە پێویست حکومەت بایەخیان پێ بدات، ئەوانیش بریتین لە سێکتەرەکانی (تەندروستی، پەروەردە و خوێندن و خویندنی باڵا و نیشتەجێکردن)، لە عێراقدا ئەم سێ سێکتەرە هەرسێکیان کێشەیان هەیە، لە عێراقدا کێشەیەکی گەورەی نیشتەجێکردن هەیە، بە مەزندەی من هەتا ٣٠ ساڵی دیکەش ئەگەر وەك ئێستا مامەڵە لەگەڵ ئەم سێکتەرە بکەن کێشەی نیشتەجێ چارەسەر ناکرێت، سەبارەت بە پەروەردە و خوێندن و خوێندنی باڵا و کەرتی تەندروستی، بەپێی ئامارەکانی سندوقی دراو و بانکی نێودەوڵەتی، بەرارود بەو پارەیەی بۆ ئەم دوو کەرتە خەرج دەکرێت و ئەو هەموو کارمەندەی لەم کەرتانە کاردەکەن، ئەوا عێراق یەکێکە لە خراپترین دەوڵەتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا لە هەردوو کەرتی پەروەردە و خوێندنی باڵا و کەرتی تەندروستیدا.

*** لایەنێکی دیکە کە وەك هۆکار باسی دەکرێت، بەرزبوونەوەی رێژەی ئاستی هەژارییە لە عێراقدا، ئایا دەکرێت عێراق خۆی وڵاتێکی دەوڵەمەند بێت و گەلەکەی بە هەژاری بژی؟**

- رێژەی هەژاری لە عێراقدا لەو ئامارانە وەرگیراوە کە دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان بڵاوی دەکەنەوە کە دەکاتە نزیکەی ٢٠-٣٠٪، ئەم رێژەیە لەبەر ئەوە بەرزە، چونکە دانیشتووانی عێراق بە رێژەی ٦٥٪ گەنجن، لە سەرەتای ٢٠١٤ و ٢٠١٥وە دامەزراندن لە دامەزراوەکانی حکومەتی عێراق راگیراوە، مەگەر تەنیا لە چوارچێوەی میلاکاتدا نەبێت، ئەمەش ئەگەر بۆشاییەك هەبێت، یان کەسێك خانەنشین بکرێت و کەسێکی دیکەی لە جێگەی دابمەزرێتەوە، هەروەها بە هۆی بارودۆخی شەڕەوە هەلی کار لە کەرتی تایبەت وەستاوە، بۆیە دیاردەی هەژاری هەستی پێدەکرێت.

*** بەڵام وەك لە دوای سەردانەکەی د.حەیدەر عەبادی بۆ شاری بەسڕە بینیمان، بەڵێنی دامەزراندنی ١٠ هەزار هاووڵاتی لە بەسڕە دراوە و هەروەها بڕی ٣ ملیار دۆلاریش بۆ چارەسەری کێشەی ئاو و کارەبا تەرخان کراوە، ئەی ئێستا حکومەت چۆن دەتوانێت ئەم کارانە بکات؟**

- جارێ پێش هەموو شتێك بەسڕە شایەنی ئەو پارەیەیە کە بۆ هەردوو کەرتی کارەبا و ئاو بۆی تەرخانکراوە، هەروەها خەڵکی بەسڕەش مافی خۆیانە کاریان بۆ بدۆزرێتەوە، بەڵام ئێمە پەرلەمانتار و یاسادانەر بووین، بۆیە دەبێت حکومەت لە چوارچێوەیەکی یاساییدا ئەم کارە بکات، پرسیاری من لێرەدا ئەوەیە ئایا سەرۆك وەزیران لەسەر بنەمای کام یاسا ١٠ هەزار پلەی وەزیفی دابین دەکات؟ سەبارەت بە پارەکەش بێگومان حکومەت دەبێت شەفاف بێت و سەرچاوەی ئەو پارەیە دیاری بکات کە ئەو ٣ ملیار دۆلارەی لێ خەرج دەکات. دوای ئەمانە بە مەزندەی من ئەگەر ئەم پارەیە بەهەدەر نەدرێت و راستەوخۆ لەلایەن سەرۆك وەزیرانەوە سەرپەرشتی بکرێت، ئەوا کێشەی ئاو و کارەبای بەسڕە تا رێژەیەکی زۆر چارەسەر دەکات.

*** وەك ئاماژەت پێکرد و زۆربەی چاودێرانیش دەڵێن سەرچاوەی کۆی کێشەکان خودی حکومەتی عێراقە، ئایا پێتوایە لە شەو رۆژێکدا حکومەتی عێراق لە سەرچاوەی کێشەکانەوە ببێتە حکومەتێك بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان؟**

- لە عێراقدا سیستمی سیاسی، سیستمی پەرلەمانییە، بۆیە کێشەی عێراق سیستمەکەی نییە، بەڵکو کێشەی سەرەکی ئەقڵییەتی حوکمڕانییە، چۆنیەتی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانە، کێشەی ئەو ئەقڵییەتەیە کە چۆن رووبەڕووی گەندەڵی و گەندەڵکاران دەبێتەوە، بۆیە ئەگەر ئەم ئەقڵییەتە گۆڕانکاری بەسەردا نەیەت، ئەگەر داهاتی دەوڵەتی عێراق دوو هێندەی ئێستاش زیاد بکات، ئەوا بێگومان کێشەکانی پێ چارەسەر ناکرێت.

*** دیارە ئەو شارانەی ئێستا خۆپیشاندان دەکەن، زۆربەیان ئەو شارانەن کە دانیشتووانەکەی زۆرینەیان شیعەن، بەڵام شارەکانی سوننە بەهۆی**

**تەنیا مووچەی عێراق ساڵانە نزیکەی ٥١ ترلیۆن دۆلارە، ئەم برە دەکاتە ٥٠٪ی کۆی داهاتی عێراق و لە هیچ وڵاتێکی جیهاندا ئەم رێژە بەرزە بوونی نییە**

**لە سندوقی خانەنشینی ٧ ملێۆن کەس مووچە وەردەگرن، کە نزیکەی ٩٠٠ هەزار کەسیان بندیوارن و سەر بە حزبە سیاسییەکانن**

**شەڕی دژی داعشەوە هەموو ژێرخانەکانی لەبەر یەك هەڵوەشاوە، ئایا حکومەتی عێراق چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەمەیان دەکات؟**

- لە کاتی پرۆسەی ئازادکردنی عێراق لە تیرۆریستانی داعش، ئێمە لە پەرلەمانی عێراق زیانەکانی شارە سوننەنشینەکانمان بە نزیکەی ٨٠-١٠٠ ملیار دۆلار مەزندە کردووە و لە کۆنگرەی کوەیتیش بۆ ئاوەدانکردنەوەی عێراق و لەلایەن وڵاتانی بەخشەرەوە ئەم ڕێژەیە بە نزیکەی ٨٨ ملیار دۆلار مەزندە کراوە، ئەو وڵاتانە لەو کۆنگرەیە ئامادەباشییان دەربڕی کە بە بڕی ٢٥-٣٠ ملیار دۆلار هاوکاری عێراق بکەن، بەڵام هەتا ئێستا هیچیان دیار نییە، بۆیە دەبوو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە هاوشێوەی پلانی مارشاڵ، پلانێکی بۆ ئاوەدانکردنەوەی عێراقی دوای شەڕی دژی داعش هەبوایە، بۆیە دابینکردنی پارە بۆ ئاوەدانکردنەوەی شارەکانی عەرەبی سوننە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە کارێکی ئاسان نابێت و دەتوانین بڵێین: توندڕۆیی تایفەگەری کاریگەری کە لەسەر سیستمی حوکمڕانیی عێراق داناوە، هەر ئەوەش کاریگەری دەبێت لەسەر چۆنیەتی سەرفکردنی پارە بۆ ئاوەدانکردنەوەی ئەو ناوچە سوننەنشینانەی کە لە شەڕی داعش وێران کراون، ئەگەر راشکاوانە بدوێم لە بەشێکی زۆری ناوچەکانی خوارووی عێراق، وجوودی دەوڵەت زۆر لاوازە، یان هەندێك جار دەتوانین بڵێین بوونی نییە، هەر بۆ نموونە لە شارێکی وەك بەسڕە تا رادەیەك هۆزەکان زیاتر دەسەڵاتیان بەدەستەوە بووە و دەوڵەت بوونی کەمتر بووە، بۆیە دەبێت ئەم توندڕەوییە مەزهەبگەراییە هەڵوەستەی لەسەر بکەین و راشکاوانە بڵێین ئەم لایەنە کۆنترۆڵی زۆر کاری حوکمڕانیی کردووە، بەتایبەتی بەرامبەر سوننە و کورد، هەروەك چۆن لە ١٦ی ئۆکتۆبەر بینیمان بەرامبەر کورد کردیان، دیارە بەرامبەر سوننەش توندوتیژی کراوە و ئێستاش بەرامبەر خۆپیشاندەرانی شیعەش دەیکەن، کە ئەمەش هەر پێشێلکردنی دەستووری عێراقە.

*** بۆ ئەمساڵ لە پڕۆژەی یاسای بودجەی عێراقدا، پشکی کوردستان لە بودجەی عێراق کەم کرایەوە، ئایا ئەمەشیان تاچەند لەژێر کاریگەری ئەو سیاسەتە بووە کە ئاماژەتان پێکرد؟**

- پڕۆژەی یاسای بودجەی عێراق لەسەر بنەمای ئەو رێنماییانە ئامادە دەکرێت کە لە یاسای کارگێڕیی دارایی حکومەتی عێراقدا هاتووە، بەڵام لە ساڵی ٢٠١٦وە سەرۆك وەزیران و نووسینگەی سەرۆك وەزیران رۆڵی راستەوخۆ لە ئامادەکردنی پڕۆژە یاسای بودجە دەگێڕێت و لە زۆر وردەکاریدا دەستتێوەردانی کردووە، بۆیە ئێمە پێمانوایە یاسای پڕۆژەی بودجەی عێراق دەبێت گۆڕانکاری تێدا بکرێت، بۆیە ئەم بودجەیە زیاتر بودجەی بەش و بڕگەکانی خشتەکان بووە و بودجەی ساڵی ٢٠١٨ش زیاتر بودجەیەکی سیاسی بووە، ئەوجا ئەگەر لەم چوارچێوەیەدا باس لە پشکی هەرێمی کوردستان بکەین کە ئێمە شەڕێکی زۆرمان لەسەر کرد، ئەوا ئەم بودجەیە هێندەی بودجەیەکی سیاسی بوو، بودجەیەکی دارایی و ئابووری نەبوو بۆ دەوڵەتی عێراق، ئامانجی سیاسیی پشتی ئەم بودجەیە ئەوە بوو کە کیانی ئیدارەی هەرێمی کوردستان هەڵبوەشێنێتەوە، هەروەها سزادانی پێشمەرگە بوو، بەڵام بە هەوڵ و هیممەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئێمەش وەك نوێنەرانی کورد لە پەرلەمانی عێراق توانیمان پرۆژەیەك لە ٩ خاڵدا گەڵاڵە بکەین و بەشێك لەو سزایانە لابدەین و نەهێڵین ئەو ئامانجە سیاسییەی هەیانبوو، بیپێکن، بۆیە هەتا لایەنی سیاسی باڵ بکێشێت بە سەر کۆی جومگەکانی دەوڵەتدا، ئەوا مەزندە ناکرێت سەقامگیریی ئابووری و ئەمنی لە عێراقدا بێتەئاراوە و ژینگەیەکی وا دروست بێت کە سەرنجی وەبەرهێنەران بۆ عێراق رابکێشێت.

*** لەدوای ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە حکومەتی عێراق هەناردەکردنی نەوتی کەرکووکی بە رێگەی بۆرییەکانی نەوتی هەرێمی کوردستان راگرتووە، دیارە ئەمەش بە زیان بۆ هەموو عێراق دەگەڕێتەوە، ئایا هۆکاری رێگرتن لە هەناردەکردنی نەوتی کەرکووکیش هەر سزادانی هەرێمی کوردستانە؟**

بێگومان حکومەتی عێراق زەرەرمەندی یەکەمە لە رێگرتن لە هەناردەکردنی نەوتی کەرکووك، دیارە ئێمە وەك نوێنەرانی کورد لە پەرلەمانی عێراق و هەم حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لەسەر ئەم پرسە پەیوەندی بەردەوامان لەگەڵ سەرۆك وەزیرانی عێراق هەبووە، بەوەی هەناردەکردنی نەوتی کەرکووك بە رێگەی بۆرییەکانی هەرێم هەم دەبێتە داهاتێك بۆ عێراق و هەم قازانجێکیشی بۆ هەرێمی کوردستان دەبێت، بەڵام هەتا ئێستا حکومەتی عێراق بۆ هۆکاری سیاسی ئەم زیانلێدانەی لە داهاتی خەڵکی عێراق قبووڵ کردووە و ئەمەش بڕیارێکە کە شەخسی سەرۆك وەزیران خۆی لێی بەرپرسیارە.

توندڕۆیی تایفەگەری کاریگەری کە لە سەر سیستمی حوکمڕانیی عێراق داناوە، هەر ئەوەش کاریگەری دەبێت لەسەر چۆنیەتی سەرفکردنی پارە بۆ ئاوەدانکردنەوەی ئەو ناوچە سوننەنشینانەی کە لە شەڕی داعش وێران کراون

هەتا لایەنی سیاسی باڵ بکێشێت بە سەر کۆی جومگەکانی دەوڵەتدا، ئەوا مەزندە ناکرێت سەقامگیریی ئابووری و ئەمنی لە عێراقدا بێتەئاراوە و ژینگەیەکی وا دروست بێت کە سەرنجی وەبەرهێنەران بۆ عێراق رابکێشێت

# ئیتر نابێت کوردستانییان باجی پەرتەوازەیی هێزە سیاسییەکان بدەن

**ئەگەر رکابەریی نێوان هیزەکان و جیاوازیی چۆنیەتی کارو بیروڕاش پرۆسەیەکی دروست بێت، نابێت بکاتە ئەوەی لە پێناو سڕینەوەی بەرامبەردا بەرژەوەندییە باڵاکانی گەل و نەتەوە بکرێنە قوربانیی هێزگەلێکی قین لەدڵ و ناکامڵی سیاسی**


وەکو گوتراوە: «کات هاوتای شمشێرە، ئەگەر نەیبڕیت، ئەو تۆ دەبڕێت»، پێویستە لەسەر هێزگەلی سەر گۆڕەپانی سیاسیی باشوور و تێکڕای هێزە کوردستانییەکانی خەمخۆری کوردایەتی لەم هەموو ئاڵوگۆڕە خێراو بەپەلانەی کە لە ماوەی ٢٨ ساڵی دواییدا لە رووگەلی سیاسی و نێودەوڵەتیدا روویانداوە و ئەوەشی کە رووەدات، خێراتر و چارەنووسسازتر دەبن، باش لەوە گەیشتبن کە پەرتەوازەیی و یەکتر سڕینەوە باجەکەی تەنیا خۆکوژییەکی گەمژانەی سیاسی و لەگۆڕنانی خواستی رەوای لەمێژینەی تێکڕا خەڵکی کوردستانە؛ لە ئێستاشدا کە باشووری کوردستان خاوەنی قەوارەیەکی سیاسیی نیمچە سەربەخۆی خۆیەتی و - لەدوای رووداوە نەخوزراوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەریشەوە کە ئەویش لە دەرەنجامی پەرتەوازەیی و موراهەقەی سیاسی و کاڵفامییەوە هاتەئاراوە - دەبێت هەمووان باش لەوە گەیشتبن کە گرفتی نەتەوەیی کورد چیدی پەرتەوازەیی و لە یەکدی خوێندنی توند هەڵناگریت، لە روداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە زۆر بە روونی بۆ هەمووان دەرکەوت کە قەوارەی هەرێمی باشووری کوردستان چ فۆبیا و ترس و دڵەڕاوکێیەکی بۆ دەرودراوسێ گورگەکانمان دروست کردووە و چەندە ئەو داگیرکارانە بە خوێنی ئەو قەوارەیە تینوون، دەبێت باش لەوەش گەیشتبین کە ئێمە لە کوێدا دەژین و بە چ هێزگەلێك دەورەمان تەنراوە؟! لێرەوە چیدی هیچ بەهانەیەکی بابەتییانەی ئەوتۆ لە گۆڕێ نەماوە بۆ ئەم هیزە سیاسییانە تاوەکو دۆزی رەواو مافە چارەنووسسازەکانی نەتەوەکەمانی بۆ بکەنە قوربانی.

راستە ئێمە لە باشوور لە رووی پایەکانی حوکمڕانی و سیستەمی راست و دروستەوە کەموکورتی و بگرە هەڵە و پەڵەی کوشندەشمان هەیە و بەشێکی زۆری قەیرانە دارایی، سیاسی و کارگێڕییەکان هەر خۆمان لێی بەرپرسیارین؛ راستتر بڵێین بەشی زۆری لە ئەستۆی جڵەوبەدەستانی دەسەڵاتدایە؛ بەڵام ئەوە هەرگیز نابێت بکاتە ئەوەی ماڵی شیرینی خۆمان بە دەستی خۆمان وێران بکەین و وەکو دەستە چیڵەی نەیارانی نەتەوەکەمان کار بکەین هەر وەکو ئەوەی روویدا، بێگومان لە ئێستادا و لەسەروبەندی ئەو گۆڕانکارییە خێرایانەی جیهانی سیاسی پێ ئاوسە و کە لە ماوەیەکی نزیکدا کۆرپەلەی جۆراوجۆری سیاسی دێننەدونیاوە، هەر پەرتەوازەبوون و لێکترازانێکی پتر لە نێوماڵی کوردان کە بۆخۆی ئەم ماڵە لە ئێستادا هیچ جێگەی ئیرەیی نییە، بێجگە لە ماڵوێرانی زێدەتری نەتەوەکەمان و لەدەستدانی دەستکەوتەکان هیچیدی لێ سەوز نابێت، سیاسەتمەدارانی ژیریش دەبێت ئەوە باش بزانن کە نە دژبەری و نە دۆستایەتی لە سیاسەتدا لە ئاستەکانی دەرەو و ناخۆش هەتا هەتایی و تاسەر نابن، لە هەمان کاتیشدا ئەگەر رکابەریی نێوان هیزەکان و جیاوازیی چۆنیەتی کارو بیروڕاش پرۆسەیەکی دروست بێت، نابێت بکاتە ئەوەی لە پیناو سڕینەوەی بەرامبەردا بەرژەوەندییە باڵاکانی گەل و نەتەوە بکرێنە قوربانیی هێزگەلێکی قین لەدڵ و ناکامڵی سیاسی، بەتایبەتی بۆ نەتەوەیەکی بندەستی وەکو کورد.

هەرچەندە مەبەست لەم نووسینە بۆ ئەوە نییە بداتە پاڵ لایەك لە بەرامبەر ئەوانی دی، بەڵکو تەنیا مەبەست بەکاربردنی لۆجێکی سیاسی راست و دروستە لە پێناو گەیشتن بە بەها باڵا و خواست و داوا رەوا و مافە سرووشتییەکانی نەتەوەی کورد و دانیشتووانی رەسەنی کوردستان.

**ئێمە لە باشوور لە رووی پایەکانی حوکمڕانی و سیستەمی راست و دروستەوە کەموکورتی و بگرە هەڵە و پەڵەی کوشندەشمان هەیە و بەشێکی زۆری قەیرانە دارایی، سیاسی و کارگێڕییەکانیش هەر خۆمان لێی بەرپرسیارین**

ئەوەی کە زانراوە و لە ئێستادا هەستی پێ دەکرێت، ئەوەیە کە دیسانەوە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و بەتایبەتی ئەوەی پێی دەگوترێت هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی پلانی نوێیان بۆ عێراق و کوردستان و ناوچەکە پێیە، بەتایبەت فشاری نێودەوڵەتی بۆ سەر حوکمڕانانی ئێران کە گەمەکەرێکی سەرەکیی ناوچەکە و لەمپەرێکی بەهێزی بەردەم هەنگاونانی کوردە بۆ گەیشتن بە هەموو مافە خۆڕسکەکانی؛ لە هەمان کاتیشدا پێدەچێت کوردیش بۆ خۆی لەو نێوەندەدا یەکێك دەبێت لە گەمەچییەکان و تا رادەیەك جێگە و پێگەی هەبێت، یان ئەرکی هەیە لە نێو کۆی گەمەکەدا؛ کەواتە هەر جۆرە سەرقاڵبوونێك، یان سەرقاڵکردنی هێزە سەرەکییەکانی کوردستان بە گرفتە ناوخۆییەکانەوە و بایەخنەدان بەو گۆڕانکارییە چاوەڕوانکراوانە، لەم هەلومەرجە پڕ لە گۆڕانکاری و هەستیارەدا، تەنیا لە دەستدانی دەرفەتە زێڕینەکانە بۆ



**د. عمر ڕەنگینەیی**
**مامۆستای زانكۆی سلێمانی**
**تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە**

ئاینەدی نەتەوەكەمان..

دیارە دەبێت هەموو لایەك ئەوە بزانن كە گەمەی سیاسی گەمەیەكی گەورە و فرەجەمسەر و فرەڕەهەندەو تەنیا سیاسەتمەدارە ژیرەكان دەتوانن سەری لێ دەربكەن و ناكرێت ئاینەدی میللەتێكی ستەمدیدەی وەكو كورد بدرێتە دەستی كەسانێك كە بەرتەسكانە جووڵە بە گەمەی سیاسی بكەن، بۆیە ئیدی زۆر گرنگ و پێویستە سیاسەتوانە خەمخۆرەكانی سەر گۆڕەپانەكە چیدی بێخەم سەر نەخەنە سەر بالیفەكانیان و دەستەجەمعی پێكڤە لەژێر تیشكی ڕووداوەكان و خوێندنەوەی وردی بۆ هەلومەرجەكان سیاسەت و ستراتیجێكی نوی بۆ كاری سیاسی و خەباتی نیشتمانی دابڕێژن. لێرەدا پێویستە ئەوەش بگوترێت كە هەنگاونان بۆ یەكڕیزی و پێكەوە كاردن بۆ پرسە ستراتیجییەكان تەنیا ئەركی جڵەوبەدەستانی دەستەڵات نییە، بەڵكو ئەركی هاوبەشی هەموو هێزە ڕەسەن و خەمخۆرەكانە– هەرچەندە بەشی زۆری ئەو ئەركە لە ملی دەسەڵاتدارانە– بەڵام ناكرێت ئۆپۆزسیۆنیش هێندە بەرتەسكانە بیر بكاتەوە كە ئەگەر دەسەڵات گوتی: ماست سپییە، ئەویش بێ سێ و دوو بڵێت: نەخێر ڕەشە! چونكە بۆ خۆی گەمەی سیاسی گەمەیەكی پڕ مرونەت و جیوەئاسایە و دەكرێت هێزەكان لە یەك كاتدا ركابەر و هاوڕاش بن؛ ركابەر لە سەر چۆنیەتی ڕاپەڕاندنی ئەركەكان و هاوڕا لە سەر پرسە گرنگ و ستراتیجییەكان و ئاینەدی گەل و نەتەوە و كاركردن بۆ گەیشتن بە ئامانجە ڕەوا و خۆڕسكەكان، واتە: لەو شوێنانەدا بەرژەوەندیی گشتی و گەل و نەتەوەی تێدایە، پێكڤە كاری بۆ بكەن و بە هەموویان كارەكان سەربخەن، لەوێشدا كە بەرژوەندیی بچووك و جیاجیای ناوەكییە، دەكرێت ڕای جیاواز و هەرمانی جیاواز جێی بكرێتەوە، واتە ناكرێت هێزەكان گەمەكانی خۆیان لەسەر ئاینەدە و چارەنووسی گەل و نەتەوە بێت و گرەو لە سەر ئەو بابەتە بكەن.

كەواتە دەبێت هەمووان باش ئەوە بزانن كە قەوارەی هەرێمی كوردستان تەنیا موڵكی دانیشتووانی ئەم هەرێمە و هێزە سیاسییەكانی نییە؛ بەڵكو موڵكی تێكڕا دانیشتووانی كوردستانە و یەكەم وێستگەی هەنگاونانە بەرەو سەربەخۆی خەڵك و خاكی كوردان، بۆیە هەر هەنگاوێكی هەڵەو هەر دەست بۆ بردن و دەست تێكەڵكردنێك لەگەڵ نەیارانی هەرێم بە مەبەست بێت، یان بێ مەبەست؛ نەمان و لاوازكردنی قەوارەی سیاسیی هەرێمی لێدەكەوێتەوە و ئەوەش دەچێتە خانەی خیانەتی گەورە و نیشتمانییەوە، لێرەوە ئەو هەلومەرجانەی ئێستا هاتوونەتەئاراوە، دەكرێت باشترین هەل بێت بۆ هێزگەلی دەسەڵات و ركابەریش تاوەكو ناوماڵی كوردان زۆر بە خێرایی یەكبخرێتەوە لە پێناوی پرسە ستراتیج و گرنگەكاندا، چونكە ركابەری و پۆپۆزسیونبوون هەرگیز نابێت بە مانای یەكتری سڕینەوە و دژایەتی پرسە ستراتیجییەكان و گەیشتن بە مافە چارەنووسسازەكان بوەستێتەوە.

ڕێك وەكو ئەو شیعرە فۆلكلۆرییەی كە دەڵێت: «تۆ دوور و من دوور هەردووكمان دوورین... خودا دەیزانێ بۆ یەك مەجبوورین».

ئێمە لە باشوور چ وەك تاك و چ وەك كۆ و حزب و هێزە سیاسییەكان بێجگە لە پرسی دەسەڵات و ئیدارەدان و ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی لە هەمووی گرنگتر پرسی مان و نەمان هەیە، گورگەكانیش هەردەم لە هەوڵی نەمانی ئێمەدان، خۆ ئەگەر پشتیوانیی نێودەوڵەتی لە دەست بدەین، ئەوەی چاوەڕێمانە تەنیا نەمانەكەیە، واتە ئەگەر لە خەمی نیشتماندایین، دەبێت هەمووان جۆرێك لە سازش بۆ یەكتری بكەن و بە دۆست و نەیاران بڵێن: هەرگیز پرسە ستراتیج و نەتەوەییەكانمان ناكەینە قوربانیی ململانێی تەسك و ناوخۆییەكان. واتە پرسە نەتەوەییەكان جێگەی دەست بۆ بردن نییە بۆ هیچ لایەك و هەمووان دەبێت مەجبووری یەكتر بن، وەكو گوتەی دێڕە شیعرەكەی پێشەوە، بۆیە چیدی قبوڵ ناكەین ماف و خواستە ڕواكانمان پێشێل بكرێن، ئەگەر واكرا، بێگومان سەرفرازیی میللەتی زۆر بە ڕەهایی لێ سەوز دەبێت، لەهەمان كاتدا ئەگەر وانەكەین، پێچەوانەكەشی هەر ڕاستە، لەم ڕووەوە ئەركی میدیای ڕەسەن و ڕۆشنبیر و نووسەرانیش دیسانەوە زۆر گرنگە تاوەكو فشار بخرێتە سەر هەموو لایەك بۆ تەبایی سیاسی و یەكڕیزی، هیچ نەبێت لە سەر پرسە نەتەوەیی و مافە خۆڕسكەكان.

**لەدوای ڕووداوە نەخوزراوەكانی ١٦ی ئۆكتۆبەرەوە كە ئەویش لە دەرەنجامی پەرتەوازەیی و موراهەقەی سیاسی و كاڵفامییەوە هاتەئاراوە، دەبێت هەمووان باش لەوە گەیشتبن كە گرفتی نەتەوەیی كورد چیدی پەرتەوازەیی و لە یەكدی خوێندنی توند هەڵناگرێت**

**پەرتەوازەیی و یەكتر سڕینەوە باجەكەی تەنیا خۆكوژییەكی گەمژانەی سیاسی و لەگۆڕنانی خواستی ڕەوای لەمێژینەی تێكڕا خەڵكی كوردستانە**



**پرۆفیسۆر ستیڤن بلانك شارەزایەکی نێودەوڵەتیی کاروباری رووسیا و یەکێتی سۆڤیەتی پێشووە لە ئەنجومەنی ئەمریکی بۆ سیاسەتی دەرەوە، لە نێوان ساڵانی ١٩٨٩-٢٠١٣ پرۆفیسۆری دیراساتی ئاسایشی نەتەوەیی بووە لە ئامۆژگای دیراساتی ستراتیژی لە کۆلێژی سەربازی سەر بە سوپای ئەمریکا، پێشتریش وانەبێژ بووە لە چەند زانکۆیەك وەك کالیفۆرنیا، تەکساس، سان ئەنتۆنیو. بۆ شرۆڤەکردنی روڵ و پێگەی رووسیا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و وڵاتی سووریا بەتایبەتی، هەروەها پەیوەندیی رووسیا بە رۆژئاوا و ئەمریکا و چەند پرس و بابەتێکی دیاریکراو گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامدا و ئەویش بەم شێوەیە بۆچوون و تێڕوانینەکانی خۆی خستەڕوو.**

*** مشتومڕێکی زۆر هەیە لەبارەی رۆڵی رووسیا لە جیهان و رکابەریی ئەم وڵاتە لەگەڵ رۆژئاوا و دەستێوەردانەکانی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەتایبەتی لە وڵاتی سووریا کە بە ئەندازەیەکی گەورە هاوسەنگییەکی بۆ بەرژەوەندی حکومەتەی ئەسەد گۆڕی، تێڕوانینی ئێوە بۆ رۆڵی رووسیا چییە؟**

- لە راستیدا رۆڵ و دەستێوەردانی رووسیا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە سووریادا چڕبووەتەوە، کە ئێمە دەزانین لە رووی سەربازییەوە دەستێوەردانی لەو وڵاتەدا کردووە. هەموو ئەمانەش لە چوارچێوەی سیاسەتێکی ناوچەیی بەرفراواندا پیادە دەکات، واتە راستە دەستێوەردانەکەی رەهەندێکی سەربازی هەیە، بەڵام ئەوەی بەدی دەکەین ئەوەیە کە مەسەلەکە تەنیا بوونی هێزی شەڕکەر نییە لە سووریا، بەڵکو هەوڵی ئەوە دەدات بنکەی دەریایی و بنکەی ئاسمانی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دروست بکات، بەڵام لە هەمان کاتدا رێککەوتنی وزەش ئەنجام دەدات لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەوڵ و کۆششی دیپلۆماسیش دەخاتەگەڕ لەم ناوچەیەدا. کەواتە ئەوەی هەیە هەوڵێکی هەمە لایەنەی رووسیایە

دیمانەی تایبەت

ستیڤن بلانک

تایبەتمەندی کاروباری ڕووسیا بۆ گوڵان:

# پێموانییە ئەوەی لە هلسنکی ڕوویدا خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بکات

بۆ گەڕاندنەوەی ئەو پێگەیەی یەکێتی سۆڤیەتی هەیبوو لە ساڵانی شەستەکاندا لەم ناوچەیەدا.

*** ئاماژەت بە هۆکارە بنەڕەتییەکانی ئەم ڕۆڵ و ئەم هەوڵ و کۆششە هەمە لایەنەی ڕووسیا لەم ناوچەیەدا کرد، بەوەی کە ڕووسیا دەیەوێت دووبارە پێگەی لەدەستچووی خۆی لەم ناوچەیەدا بەدەست بهێنێتەوە، بەڵام ئایا ڕووسیا پاڵنەر و هۆکاری دیکەی بۆ گرتنەبەری ئەم سیاسەتە هەبووە؟**

- لە ڕاستیدا لە پاڵ خواستی گەڕاندنەوەی پێگەی لەدەستچووی ڕابردووی لەم ناوچەیەدا، ڕووسیا هەوڵیدا کاردانەوەی هەبێت لەبەرامبەر دەستێوەردانەکانی ئەمریکا لەم ناوچەیەدا- بەتایبەتی دوای دەستێوەردانەکان لە وڵاتی لیبیادا- کە بوونە هۆی خوڵقاندنی ناسەقامگیری و ئەمەش زیانی بە بەرژەوەندییەکانی ڕووسیا گەیاند. هۆکارێکی دیکە ئەوەیە کە ڕووسیا وەك هاوپەیمانێك لە ئەسەدی دەڕوانی و ئێستاشی لەگەڵدا بێت، دەیەوێت ئەسەد لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە.

*** ئەی پێتوایە تا چ ڕادەیەك ڕووسیا توانیویەتی ئامانجەکانی لەم هەوڵانەیدا بەدەست بهێنێت؟**

- ئەوەی بەدی دەکەین ئەوەیە کە بەرەوپێشچوونی زۆری بەدەست هێناوە لەم ڕووەوە، بۆ نموونە لە ڕووی سەربازییەوە پێشڕەوی بەدەست هێناوە، واتە لە ئێستادا ڕەوشەکە بە چەشنێکە کە کەس باسی دوورخستنەوە و لادانی بەشار ئەسەد لە دەسەڵات ناکات، هەروەها لە ڕووی سیاسیشەوە توانیویەتی گفتوگۆ لەگەڵ ئێران و تورکیا و ئەسەد لەلایەك و سعودیە و گرووپە یاخیبووەکانی لەلایەکی دیکە بکات، لەبارەی گەیشتن بە چارەسەرێکی سیاسی بۆ ڕەوشی سووریا. هەروەها هەوڵیداوە لەگەڵ سەرجەم لایەنەکانی لیبیادا پەیوەندی دروست بکات بۆ ئەوەی لەم وڵاتەشدا ڕۆڵی هەبێت، هەروەها لە هەوڵدایە بۆ ئەوەی وزەی ئەتۆمی بە میسر بفرۆشێت و بنکەی دەریایی لە ناوچەکەدا دروست بکات.

*** هەروەك دەزانین هەردوو وڵاتی ڕووسیا و ئێران دەستێوەردانێکی چڕیان لە سووریادا کردووە، کە لە ئاکامدا دەسەڵاتی بەشار ئەسەدیان لە مەترسیی ڕووخان ڕزگار کرد، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا پێتوایە ڕووسیا و ئێران دوو هاوپەیمان و هاوبەشی سرووشتیی یەکتر بن، یاخود مەسەلەکە تەنیا ئەوەیە بە**

**ڕووسیا تا ئەم ساتەوەختەش وەک ڕکابەری ئەمریکا ڕەفتار دەکات. من بە گومانم لە بوونی بوار و پانتاییەک بۆ هاوکاری لەنێوان ئەمریکا و ڕووسیا بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ زۆرێک لە گرفتەکانی جیهاندا**

**رووسیا و هەناردەکارێکی گەورەی نەوت و غازە بۆ تورکیا، بەڵام وڵاتی تورکیا بە گومانەوە لە ئامانج و مەرامەکانی رووسیا دەڕوانێت، واتە پەیوەندییەکی ئاڵۆز لە نێوان ئەم دوو وڵاتەدا هەیە**

**ئێران خوازیاری ئەوەیە کە جارێکی دیکە رژێمەکەی بەشار ئەسەد دەسەڵاتی خۆی بەسەر سەرجەم خاکی وڵاتەکەدا بسەپێنێتەوە و کۆنترۆڵی بکاتەوە، بۆ ئەوەی رێگە تەخت بێت بۆ ئێران تاوەکو بتوانێت رێڕەوێکی زەمینی بەرەو لوبنان و بەرەو دەریای سپیی ناوەڕاست دروست بکات**

**رووسیا و ئێران هاوبەشی یەکترن، بەڵام هاوپەیمان نین، واتە لە هەندێ بواردا بەرژەوەندییەکانیان یەکدەگرنەوە بۆ نموونە لە پرسی پەیوەست بە رێککەوتنە ئەتۆمییەکەدا، رووسیا پشتیوانیی ئێران دەکات**

**شێوەیەکی کاتی بەرژەوەندییەکانیان یەکانگیر بووە؟**

- رووسیا و ئێران دوو وڵاتی هاوپەیمان نین، ئەگەرچی ئەوەش راستە کە لە ئێستادا وەك دوو لایەنی هاوبەش هەڵسوکەوت دەکەن و هەردوو وڵات پێکەوە کار دەکەن لەو بوارانەی کە بەرژەوەندیی هاوبەشیان تێیدا هەیە، بەڵام دەبێت بزانین چەند بوارێکی دیکەش هەن کە تێیدا بەرژەوەندییەکانیان یەك ناگرنەوە. بۆ نموونە ئێران هەڕەشە لە ئیسرائیل دەکات و خواستی لەناوچوونی ئیسرائیلی هەیە، بەڵام رووسیا ئەمە قبووڵ ناکات، هەروەها پێموانییە رووسیا رازی بێت بە بوونی ئێران لە باشووری سووریادا، لەگەڵ ئەوەشدا هەروەك ئاماژەم پێکرد، لە هەندێ بواری دیکەدا بەرژەوەندییەکانیان یەکدەگرنەوە، بۆ نموونە لە پرسی پەیوەست بە رێککەوتنە ئەتۆمییەکەدا، رووسیا پشتیوانیی ئێران دەکات، پوختەی مەسەلەکە ئەوەیە رووسیا و ئێران هاوبەشی یەکترن، بەڵام هاوپەیمان نین.

*** کەواتە پێتوایە رووسیا و ئێران ئامانجی دوورمەودای لێکجیاوازیان لە پەیوەندی بە دەستێوەردانیان لە دۆخی سووریادا هەبێت؟**

- ئەمە تا رادەیەك راستە، چونکە ئێران خوازیاری ئەوەیە کە جارێکی دیکە رژێمەکەی بەشار ئەسەد دەسەڵاتی خۆی بەسەر سەرجەم خاکی وڵاتەکەدا بسەپێنێتەوە و کۆنترۆڵی بکاتەوە، بۆ ئەوەی رێگە تەخت بێت بۆ ئێران تاوەکو بتوانێت رێڕەوێکی زەمینی دروست بکات بەرەو لوبنان و بەرەو دەریای سپیی ناوەڕاست. ئەوەی پەیوەندی بە رووسیاوە هەبێت، ئەوا بە هەمان شێوە خوازیاری ئەوەیە کە بەشار ئەسەد بتوانێت حکومڕانیی سووریا بگرێتەوەدەست، بەڵام لە پێناوی دەستەبەرکردنی سەقامگیریدا نەك بۆ ئەوەی ئەو رێڕەوە زەمینییە بۆ ئێران دروست بێت، کە رەنگە ئەمە ببێتە مایەی هەڵگیرسانی شەڕ لەگەڵ ئیسرائیلدا و رووسیاش خوازیاری ئەم دەرئەنجامە نییە.

*** ئەی پێتوایە رۆژئاوا بەگشتی و ئەمریکا بەتایبەتی دەتوانن لێکترازان و دوورخستنەوەیەك لە نێوان ئێران و رووسیادا دروست بکەن؟**

- من پێموایە ئەگەر ئەمریکا بزانێت چی دەکات، ئەوا رەنگە ئەمە ئامانجێك بێت کە بتوانرێت بەدی بهێنرێت، بەڵام پێموانییە لە ئێستادا ئامانجەکانی ئەمریکا لە پەیوەندی بەو پرسەوە روون بن.

*** بەڵام هەرچۆنێك بێت لە ئێستادا و بە شێوەیەکی گشتی رووسیا و ئێران سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە لە بەدیهێنانی ئەو ئامانجانانەی کە هەوڵیاندا لە رێی دەستێوەردان لە دۆخی سووریاوە بەدی بهێنن؟**

- ئەگەر باس لە رەوشە سەربازییەکە و دۆخی شەڕەکە بکەین، ئەوا راستە پێشڕەوییان بەدەست هێناوە، بەڵام ئەگەر ئێمە لە هەلومەرجە سیاسییەکە بڕوانین، ئەوا هێشتا رێککەوتن و چارەسەرێکی سیاسی نەهاتۆتەئاراوە لەو وڵاتەدا.

*** هەروەك ئاشکرایە پەیوەندییەکانی رووسیا و تورکیا هەڵکشان و داکشان بە خۆیانەوە دەبینن و هەندێ جار بارگرژی تێدەکەوێت و هەندێ جاری نزیکبوونەوە، بە شێوەیەکی گشتی ئێوە چۆن لە پەیوەندییەکانی رووسیا و تورکیا دەڕوانن؟**

- ئەوەی بەدی دەکرێت لە پەیوەندیی نێوان ئەم دوو وڵاتەدا ئەوەیە کە لە هەندێ بواردا پێکەوە کار دەکەن، بۆ نموونە رووسیا و هەناردەکارێکی گەورەی نەوت و غازە بۆ تورکیا، بەڵام وڵاتی تورکیا بە گومانەوە لە ئامانج و مەرامەکانی رووسیا دەڕوانێت، کەواتە دەتوانێت بڵێین پەیوەندییەکی ئاڵۆز لە ئارادایە لە نێوان ئەم دوو وڵاتەدا.

*** ئەی چۆن وەسفی پەیوەندییەکانی رووسیا و ئەمریکا دەکەیت کە هێزی جیهانی مەزنن؟ ئایا پێتوایە ئەم هێزە رکابەرن و پەیوەندییەکی دوژمنکارانە هەیە لە نێوانیاندا، یاخود بواری هەماهەنگ و هاوکاری لە نێوانیاندا هەیە بۆ چارەسەرکردنی زۆرێك لە کێشە و قەیرانەکانی جیهان؟**

- لە راستیدا گرنگ نییە سەرۆکی ئەمریکا چ دەڵێت دەربارەی رووسیا و پوتین، بەڵام پێموایە تێڕوانین و ئیرادەی سیاسیی رووسیا تەنانەت دوای لوتکەی هیلسنکیش- لە نێوان ترەمپ و پوتیندا- گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتووە. مەبەستم ئەوەیە رووسیا تا ئەم ساتەوەختەش



وەك ركابەری ئەمریكا رەفتار دەكات. هەروەها من بە گومانم لە بوونی بوار و پانتاییەك بۆ هاوكاری لەنێوان ئەم دوو هێزە بۆ مامەڵەكردن لەگەڵ زۆرێك لە گرفتەكانی جیهاندا، هەروەها پێموانییە ئەوەی لە هلسنكی روویدا خزمەت بە بەرژەوەندییەكانی ئەمریكا بكات. تەنانەت باوەڕم وایە ئەگەر هاوكارییەكیش لە نێوان ئەم هێزەدا رووبدات، ئەوا پێم وایە لە بەرژەوەندیی مۆسكۆ دەبێت نەك واشنتۆن.

*** باشە ئێوە پێتانوایە لە ئێستادا ئەمریكا چ جۆرە سیاسەتێك لە ئاست رووسیادا دەگرێتەبەر؟ ئایا ستراتیژیەتی سەپاندنی سزا و زیادكردنی گوشارەكان و گرتنەبەری سیاسەت و ستراتیژیەتی ئیحتیواكردن دەبێت؟**

- لە راستیدا ئەوەی لە ئێستادا و لە پەیوەندی بە ئەمریكاوە بەدی دەكرێت، ئەوەیە كە هیچ ستراتیژیەتێك لە ئارادا نییە، واتە سەرەتا دەبێت بڕیاری ئەوە بدرێت كە جۆرە ستراتیژیەت دەبێت پیادە بكرێت و دواتر دەبێت داوا لە لایەنە پەیوەندیدارەكان بكرێت بۆ جێبەجێكردنی.

*** هەندێ جار باس لەوە دەكرێت كە رووسیا بووەتە مایەی هەڕەشە و مەترسی بۆ سەر وڵاتانی ئەوروپی، پرسیارەكە ئەوەیە تا چەند ئەم هەڕەشەیە بوونی هەیە و تا چەند جددییە؟**

- حاڵەتەكە بۆ سەرجەم وڵاتانی ئەوروپا وەك یەك نییە، واتە مەسەلەكە پەیوەستە بە هەڵكەوتەی جیۆپۆلەتیكی هەر وڵاتێكی ئەوروپییەوە، بۆ نموونە ئەم پرسە بۆ وڵاتی پۆڵەندا جیاوازە بە بەراورد بە وڵاتی ئیسپانیا. مەبەستم ئەوەیە ئەو وڵاتە ئەوروپییانەی نزیكن لە رووسیاوە، زیاتر هەستی پێدەكەن.

**ئێران هەڕەشە لە ئیسرائیل دەكات و خواستی لەناوچوونی ئیسرائیلی هەیە، بەڵام رووسیا ئەمە قبووڵ ناكات، هەروەها پێموانییە رووسیا بە بوونی ئێران لە باشووری سووریادا رازی بێت**

## مارینا ئۆتاوای

### شارەزای کاروباری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراق بۆ گوڵان:

# دۆخی سیاسیی عێراق لە دوای هەڵبژاردنەکان مایەی نیگەرانییە

مارینا ئۆتاوای توێژەرە لە سەنتەری وودرۆ ویڵسۆن و شرۆڤەکاری ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی ئەفریقیا، بەلکان و رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. لە سەنتەری ئاماژەپێکراودا سەرقاڵی پڕۆژەیەکە کە پەیوەستە بە توێژینەوە لەبارەی وڵاتانی بەهاری عەرەبی و عێراقەوە، پێشتریش توێژەری کاروباری ئەفریقیا و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە و لە چەندین زانکۆ وانەبێژ بووە، وەك زانکۆی جۆرج تاوون، زانکۆی ئەمریکی لە قاهیرە و زانکۆی زامبیا. بۆ قسەکردن لەسەر دۆخی ئێستای عێراق و تاوتوێکردنی دەستڕۆیشتوویی ئێران لەسەر ئەم وڵاتە و رۆڵی ئەمریکا لە عێراق و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامداو ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.

## دیمانەی تایبەت



*** هەروەك دەزانن لە ئێستادا چەند پەرەسەندنێكی نوێ لە عێراقدا هاتوونەتە ئاراوە لە دوای هەڵبژاردنە پەرلەمانییەكەی ئەم وڵاتەوە، ئێوە چۆن لە رەوشی سیاسی و باری حوكمڕانیی عێراق دەڕوانن؟**

- دۆخی سیاسیی عێراق لە دوای هەڵبژاردنەكان مایەی نیگەرانییە. ئەوەی جێی سەرسوڕمانیش نییە ئەوەیە كە دووبارە پارتە شیعەكان باڵادەست بوون و میلیشیا شیعەكان، لە رێی هاوپەیمانێتی فەتحەوە، لە بارێكدان رۆڵێكی سیاسیی گەورەتر بگێڕن بە بەراورد بە رابردوو.

*** ئێوە ئاماژە بە گەورەبوونی رۆڵی سیاسیی میلیشیا شیعەكان دەكەن، ئایا ئەمە چ ئاكام و دەرهاویشتەیەكی لێدەكەوێتەوە و وڵاتەكە بە چ ئاراستەیەكدا دەبات؟**

- ئەمە سەردەكێشێت بۆ دەستڕۆیشتوویی زیاتری ئێران. خۆ ئەگەر رێگاش بە ئەمریكا بدرێت ئەوا بەردەوام دەبێت لەسەر مەشقپێكردنی هێزە ئەمنییەكانی عێراق، بەڵام ئەمەش نابێتەهۆی كەمبوونەوەی رۆڵی میلیشیاكان. هەروەها ئەمریكا دەتوانێت گوشار دروست بكات لەسەر عەبادی بۆ ئەوەی تا ئەندازەیەك خۆی لە ئێران بە دوور بگرێت، بەڵام ئەمەش ئەگەری ئەوەی لێناكرێت كە كاریگەرییەكی زۆری هەبێت، لەبەر ئەوەی ئەگەر عەبادی جارێكی دیكەش پۆستی سەرۆكی وەزیران بگرێتەدەست، پشت بە پاڵپشتیی فەتح و ئەو لایەنانەی دیكە دەبەستێت كە ئێران پشتیوانییان لێدەكات. لە هەر حاڵەتێكدا، ئیدارەی ترەمپ لەگەڵ ئەوەدا نییە كە بە قووڵی تێوەبگلێت لە عێراق و لە هەر شوێنێكی دیكەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

*** ئەگەر بگەڕێینەوە سەر ئەدای حوكمڕانیی دەسەڵاتدارانی عێراق، ئەوا باس لەوە دەكرێت**

**ئەگەر عەبادی جارێكی دیكەش پۆستی سەرۆكی وەزیران بگرێتەدەست، پشت بە پاڵپشتیی فەتح و ئەو لایەنانەی دیكە دەبەستێت كە ئێران پشتیوانییان لێدەكات**



**که لەگەڵ ئەوەی حکومەتی عێراق سەرکەوتوو نەبووە لەوەی بواری شەراکەت بۆ کورد و سوننە دروست بکات، ئەوا نەیتوانیوە پێکهاتەی شیعەش لە خۆی رازی بکات، ئێوە چۆن لەم پرسە دەڕوانن و ئایا ئەگەری ئەوە هەیە کە ئەم هاوکێشەیە گۆڕانکاری بەسەردا بێت؟**

- لە راستیدا ناڕەزایەتییەکی زۆر هەیە لە نێو سوننە و کورددا، بەڵام ئەم ناڕەزایەتییە نەگۆڕاوە بۆ کردارێکی کارای سیاسی، بە تایبەتی لای سوننە. چونکە سەرکردایەتییەکی نوێ لە نێو سوننەدا سەریهەڵنەداوە، کەواتە تا ئێستا لەلایەن هەمان ئەو سەرکردە ناکارایانەوە نوێنەرایەتی دەکرێن کە لە ساڵی ٢٠٠٣وە لە ئارادان. راستە رەنگە هەندێ نوێنەرایەتییان هەبێت لە حکومەتدا، بەڵام دەستڕۆیشتوییان نابێت، لەبەر ئەوەی پارتە شیعەکان نە پێویستیان بە کورد و نە بە پێویستیان بە سوننە هەیە بۆ پێکهێنانی حکومەت، چونکە شیعە کورسیی پێویستیان هەیە لەو بارەیەوە. ئەوەی پەیوەندی بە کوردیشەوە هەبێت، ئەوا هەوڵی خۆکۆکردنەوە دەدەن و بڕیاریانداوە کە هەنگاو بۆ پێشەوە هەڵبگرن، دوای ئەو کارەساتەی دوچاری هاتن لە دوای ئەنجامدانی ریفراندۆمەوە، لەم روانگەیەوە پێموایە من گومانم هەیە لەوەی کاریگەرییەکی زۆریان هەبێت.

**ناڕەزایەتییەکی زۆر هەیە لە نێو سوننە و کورددا، بەڵام ئەم ناڕەزایەتییە نەگۆڕاوە بۆ کردارێکی کارای سیاسی، بە تایبەتی لای سوننە کە هێشتا سەرکردایەتییەکی نوێ لە نێویاندا سەریهەڵنەداوە**

*** هەروەك دەزانن سەرەڕای ئەوەی داعش لە رووی سەربازییەوە دوچاری تێکشکان هاتووە، بەڵام لە ئێستادا رەوشی ئەمنی لە عێراقدا لە بارێکی تۆکمەدا نییە، پرسیارەکە ئەوەیە تا چ رادەیەکی ئەگەری داڕووخانی رەوشە ئەمنییەکە و دووبارە سەرهەڵدانەوەی رێکخراوی تیرۆریستی داعش لە ئارادایە؟**

- هەرگیز داعش بە تەواوەتی لەناو نەچووە، بەڵکو چالاك بووە لە چەند ناوچەیەکی دیالە و کەرکووك و سەلاحەددین. بەڵام من گومانم هەیە لەوەی لە ئایندەیەکی نزیکدا هەوڵی کۆنترۆڵکردن و دەستەبەرداگرتنی خاك بدات، بە چەشنی ئەوەی لە ساڵی ٢٠١٤دا ئەنجامیدا، بەڵام هەر لە هەوڵدایە بۆ ئەوەی وەك رێکخراوێکی تیرۆریستی هەڵسوکەوت بکات و مەترسی لەسەر رەوشی ئەمنی دروست دەکات و وڵاتەکەش ناسەقامگیر دەکات.

ديمانەی تایبەت



**مایكڵ نایتس**

**شارەزای كاروباری ئەمنیی عێراق بۆ گوڵان:**

# ناڕەزایەتییەكانی ئێستای عێراق هەژانێكی بەهێزن و كەس نازانێت زەمینلەرزە تەواوەكە كەی ڕوودەدات

**مایکڵ نایتس توێژەرە لە ئامۆژگای واشنتۆن بۆ سیاسەتی رۆژهەڵاتی نزیک، تایبەتمەندی کاروباری ئەمنی و سەربازیی عێراق و ئێران و وڵاتانی کەنداوە. خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لە بواری دیراساتی جەنگ کە لە کۆلێژی شاهانە لە لەندەن بەدەستی هێناوە. بۆ قسەکردن لەسەر پەرەسەندن و پێشهاتەکانی ئێستای عێراق، بەتایبەتی دوای خۆپیشاندان و ناڕەزاییەتی و شڵەژانەکانی کە چەند شارێکی باشووری عێراقی گرتەوە، هەروەها سەبارەت بە ئاسۆی ئایندەی ئەم وڵاتە و پرسی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامدا و ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

*** هەروەك ئاشکرایە ماوەیەکە شەپۆلێکی ناڕەزایەتی و خۆپیشاندان چەندین شاری باشووری عێراقی گرتووەتەوە، بەتایبەتی شاری بەسرە، کە تێیدا ئەو خۆپیشاندەرانە ئاماژە بە شکستی ئەدای حکومەت دەکەن لە ئاست ئەنجامدانی ئەرکە سەرەکییەکانی، خوێندنەوە و تێڕوانینی ئێوە بۆ ئەم پەرەسەندن و پێشهاتانە چییە؟**

- ئەوەی دەتوانین بیڵێین ئەوەیە کە عێراق بەهاری عەرەبی بەخۆوە نەبینی، لەبەر ئەوەی بەهاری عەرەبی هەشت ساڵ دوای گۆڕانی رژێمی عێراقی روویدا. بەڵام لە ئێستادا و لە دوای حەوت ساڵ لە بەهاری عەرەبی، بارگرژییەکان کەڵەکە دەبن لە گەرمترین و دواکەوتووترین و کەم ئاوترین ناوچەکانی عێراقدا. ناڕەزایەتییەکانی ئێستا هەژانێکی بەهێزن، بەڵام کەس نازانێت زەمینلەرزە تەواوەکە کەی روودەدات.

*** هەر لە پەیوەندی بە ئەدای حکومەتەوە، باس لەوە دەکرێت، حکومەتی ئێستای عێراق کە شیعە زاڵە بەسەریدا، کورد و سوننەی پەراوێز خستووە، بەڵام لە هەمان کاتدا نەیتوانیوە شیعەش رازی بکات، ئایا هاوڕایت لەگەڵ ئەم لێکدانەوەیەدا و ئایا چۆن لە ئەدای حکومەت دەڕوانیت؟**

- نەخێر، من هاوڕا نیم، پێموایە ئەمە موبالەغەیەکی تێدایە. پێموایە ئەم حکومەتە بە نیازی ئەوەیە ببێتە حکومەتی شیعە و سوننە و کورد و ئەویش لەسەر بنەمای رێککەوتنی نێوان هاوپەیمانێتی سائیرون، پارتی دیموکراتی کوردستان، رەوتی حیکمە و هەندێ لە گرووپە سوننەکانی نێو هاوپەیمانێتی وەتەنییە و نەسر.

*** باشە ئەوەی گومان هەڵناگرێت ئەوەیە کە سیستمی حوکمڕانی لە عێراقدا بە دەست ناکاراییەکی قووڵەوە دەناڵێنێت، ئایا پێشبینی داڕووخانی جارێکی دیکەی رەوشە سیاسی و ئەمنییەکەی عێراق دەکەیت؟**

- نەخێر، من پێشبینی دەکەم پەلە بکرێت لە هەوڵەکانی پێکهێنانی حکومەت و پێشبینی دەکەم حکومەتی نوێ لە کۆتایی تشرینی یەکەم، یان سەرەتای مانگی تشرینی دوەم دابمەزرێت. هێزە ئەمنییەکانی باشووری عێراق کار لەگەڵ سەرکردایەتی و پارتە ئایینییە شیعەکان دەکەن بۆ دامرکاندنەوەی ئەو تووڕەییەی هەیە و هەوڵ دەخەنەگەڕ بۆ هاوکاریکردنی هاووڵاتیانی باشووری عێراق.

*** ئەوەی نکۆڵی لێناکرێت، ئەوەیە کە ئێران توانیویەتی پەرە بە دەستڕۆیشتوویی خۆی بدات لە عێراقدا، پرسیارەکە ئەوەیە تا چەند ئەم کاریگەری و دەستڕۆیشتوییەی ئێران کاریگەری سلبی لەسەر سەقامگیریی عێراق هەیە؟**

- پارتە عێراقییەکان- لە نێویاندا بەهێزترینەکانیان وەك سائیرون- خوازیاری پەیوەندییەکی هاوسەنگن کاتێك ئێران بەسەریاندا باڵادەست نابێت. لەلایەکی دیکەوە، ئێران دەیەوێت عێراق بەکار بهێنێت بۆ خۆدزینەوە لە سزاکانی ئەمریکا و بۆ ئەوەی دراوی قورسی لێ دەست بکەوێت. هەروەها لە بازاڕی نەوتدا عێراق دەبێتە ململانێکاری ئێران، کە ئەگەری ئەوە هەیە وڵاتانی دیکەی وەك تورکیا بەو شێوەیە لە عێراق بڕوانن کە

**لە بازاڕی نەوتدا عێراق دەبێتە ململانێکاری ئێران و ئێرانیش دەیەوێت عێراق بەکار بهێنێت بۆ خۆدزینەوە لە سزاکانی ئەمریکا و بۆ ئەوەی دراوی قورسی لێ دەست بکەوێت**



ببێتە جێگرەوەی هەندێ لەو نەوتە خاوەی کە رەنگە چیتر لە ئێرانەوە پێیان نەگات. کەواتە لەم رووەوە پێکدادانی چاوەڕوانییەکان هەیە، عێراق خوازیاری بەدەستهێنانی سەربەخۆیی زیاترە لەبەرامبەر ئێراندا و ئێرانیش خوازیاری پشتیوانیی ئابوورییە.

*** باشە ئەمریکا چۆن دەتوانێت هاوکاری عێراق بێت بۆ ئەوەی ئەو سەربەخۆییە بەدەست بهێنێت کە ئاماژەت پێکرد؟**

- ئەمریکا دەتوانێت لە رێی پشوودرێژی و هەڵسوکەوتی ژیرانەوە بۆ بەرهەڵستیکردنی باڵادەستیی ئێران هاوکاری عێراق بکات. بۆ نموونە، دەتوانێت لە رێی سەپاندنی سزا بەسەر هەندێ کاڵای هاوردەکراوی ئێرانەوە کە زیان بە ئابووریی عێراق دەگەیەنن، بەڵام نەك ئەو کاڵایانەی کە عێراق پێویستیان پێیەتی. هەروەها ئەمریکا دەتوانێت زانیاریی هەواڵگریی پەیوەندیدار بە داراییەوە دەستەبەر بکات، ئەویش بۆ خستنەڕووی ئەوەی کە چۆن ئەو سیاسەتانەی ئێران پشتیوانییان لێدەکات، گەندەڵکاریان تێدایە و بۆ ئەوەی بیخاتەڕوو کە ئێران سەرقاڵی شاردنەوەی داراییە لە دەرەوە.

*** با بێینەسەر باسی رەوشی ئەمنی، هەروەك دەزانن لە ئێستادا باس لە زیادبوونی جموجوڵی داعش دەکرێت لە عێراقدا، ئەویش پاش ئەوەی کە ئەم رێکخراوە دووچاری شکستی گەورەی سەربازی بوو، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەگەری دووبارە سەرهەڵدانەوە و دەرکەوتنەوەی ئەم رێکخراوە لەئارادایە؟**

- داعش توانیویەتی لە پارێزگاکانی دیالە و کەرکووك بگاتە ئەو ئاست و ئەندازەیەی کە لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٣دا هەیبوو، بەڵام جیاوازییەکی گرنگیش هەیە، لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٣دا داعش زیاتر و زیاتر بەهێز دەبوو، بەڵام ئێستا پتر لاواز دەبێت، ئەویش لەبەر ئەوەی ئەو رەوشەی لە ساڵی ٢٠١٣دا بوونی هەبوو لە ئێستادا لە ئارادا نییە. چونکە لە ئێستادا سووریا بنکەیەکی کەمتر سوودبەخشە بۆ ئەوان، هەروەها سوپای عێراقیش بەهێزترە و پێشمەرگە پشتیوانییەکی نێودەوڵەتی هەیە.

*** چۆن لە پەیوەندییەکان و ئەگەرەکانی ئایندەی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی مەرکەزیی عێراق دەڕوانیت و ئایا چ راسپاردەیەکت بۆ هەرێمی کوردستان هەیە؟**

- بە تێڕوانینی من و بە بەراورد بە چەند ساڵی رابردوو کورد دەرفەتی ئەوەی لەبەردەمدایە کە رۆڵێکی گەورە بگێڕێت لە بەغدا. لایەنە عێراقییەکان ئامادەن کە قبووڵیان بکەن و پێشوازی لە بوونێکی بەهێزی کورد لە بەغدا دەکەن. کاتێکیش وەك پارتێکی تۆکمە نەك وەك هاوپەیمانێتی (کە بۆی هەیە دووچاری لێکترازان ببێتەوە) لە لایەنەکان بڕوانین، ئەوا پارتی دیموکراتی کوردستان دووەم گەورەترین بلۆکە کە لە پەرلەمان کورسیی هەبێت.

**کورد دەرفەتی ئەوەی لەبەردەمدایە کە رۆڵێکی گەورە بگێڕێت لە بەغدا، لایەنە عێراقییەکانیش ئامادەن قبووڵیان بکەن و پێشوازی لە بوونێکی بەهێزی کورد لە بەغدا دەکەن**



فەرحان جەوهەر

ئەندامی پەرلەمانی کوردستان گوڵان:

# جگە لە پارتی سەرجەم لایەنەکانی دیکە پاساو بۆ دواخستنی هەڵبژاردن دەهێننەوە

**لـەم خولـەی پەرلەمـان کەمتریـن پـڕۆژە و یاسا پەسـەند کـرا؛ تەنانـەت رەخنـە و تێڕوانینێکـی زۆر لەسـەر ئـەدای پەرلەمانتـاران و فراکسـیۆنەکان هەیـە، بـە رادەیـەك نەتوانـرا گفتوگۆکانـی تایبـەت بـە پـڕۆژە چاکسـازییەکەی حکومـەت بـە ئاقارێکـی راسـت و دروسـتدا ببرێـت، بـۆ قسـەکردن لەسـەر ئـەم تـەوەرەو پـڕۆژە یاسـاکانی تایبـەت بـە چاکسـازیی و دابەشـکردنی دەسـەڵاتەکانی سـەرۆکایەتیی هەرێـم چەنـد پرسـیارێکمان ئاراسـتەی فەرحـان جەوهـەر پەرلەمانتـار لـە فراکسـیۆنی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و سـەرۆکی لیژنـەی رۆشـنبیری و راگەیاندن لە پەرلەمانی کوردستان کرد. لێرەدا پوختـەی قسـەکانی بڵاودەکەینـەوە.**

*** لەم خولـەی پەرلەمانی کوردستاندا کەمترین پـڕۆژە و یاسا پەسـەند کـرا، ئایـا بۆچی ئـەدای پەرلەمانتـاران و فراکسـیۆنەکان بـە شـێوەیەك لاواز بـوون کـە وایکـرد دەنگدەر متمانـەی بـە پەرلەمـان نەمێنێـت و پەرلەمانتـاران رووبـەڕووی زۆرتریـن رەخنـە و تێڕوانیـن ببنـەوە؟**

- لـە راسـتیدا یەکێـك لـە هـۆکارەکان بوونـی ململانێیەکـی تونـدی حزبـی لـە نێـوان سـەرجەم لایەنـەکان بـوو، ئەنجامـی ئـەو ململانێیـەش پەککەوتنـی پەرلەمانـی لێکەوتـەوە، هـۆکاری دیکـەش نەبوونـی رێککەوتـن و تەوافـوق بـووە لـە نێـوان لایەنەکانـدا بـۆ تێپەڕاندنـی پـڕۆژە یاسـایاکان، ئەمانـە هـۆکارە سـەرەکییەکانن کـە تا ئێسـتا ئێمـە کەمتریـن پـڕۆژە یاسـامان پەسـەند کـردووە.

*** ئایـا ئـەو موزایـەدە ئیعلامـی و ململانێ تووندوتیـژە بـوو وایکـرد پەرلەمانتـار لـە ئەرکـە سـەرەکییەکەی خـۆی دوور بکەوێتـەوە، تەنانـەت ئـەو پەرلەمانتارانـەی خۆیـان و حزبەکانیشـیان سـەرو بنـی زمانیـان نەهێشـتنی گەندەڵـی و ئەنجامدانـی چاکسـازیی بـوو، کەچـی لـە پـڕۆژە یاسـای چاکسـازیدا نەیانتوانـی گفتوگۆکانیـان بـە ئاقارێکـدا بـەرن کـە پرۆژەکـە لـە خزمەتـی بەرژەوەندیـی گشـتیدا رێکبخەنـەوە و پەسـەندی بکـەن؟**

- ئـەوەی دەتوانیـن بیڵێیـن ئەوەیـە کـە هـەوڵ و کۆششـەکانی پەیوەسـت بـە چاکسـازییەوە زیاتـر بابەتێـك بـوو بـۆ کاری میدیایـی و بـۆ بەدەسـتهێنانی دەسـتکەوتی حزبـی، نـەك ئـەوەی ئەم پرس و بابەتە بە جددی وەربگیرێت و کاری لەسـەر بکرێـت. ئـەوە بـوو دوای ئـەوەی پـڕۆژە یاسـای چاکسـازی هاتـە پەرلەمـان، بینیمـان کـە پەرلەمـان و فراکسـیۆنەکان بەدەمەوەچوونێکـی جددییـان نەبـوو بـۆ ئـەوەی پڕۆژەکـەی حکومەتـی پەسـەند بکرێـت، واتـە جـددی نەبـوون لـە پرسـی چاکسـازی، هـەروەك ئامـاژەم پێکـرد پتـر بـۆ موزایـەدەی حزبـی بـەکار دەهێنـرا و زیاتـر لەسـەر کەناڵەکانـی راگەیانـدن قسـەیان دەکـرد. تەنانـەت لـە نـاو هۆڵـی پەرلەمانـدا کێشـەی گەورەیـان بـۆ پەسـەندکردنی ئـەم پڕۆژەیـە دروسـت کـرد.

*** باشـە هۆکارەکـە چـی بـوو؟ بۆچـی بـەم شـێوەیە مامەڵـەی لەگەڵـدا کـرا؟**

- ئـەوەی پەیوەنـدی بـەو حزبانـەوە هەبێت کـە لـە حکومەتـدا نەبـوون، ئـەوا پێیانوابـوو ئەمـە دەبێتـە

**هەندێک لایەن سەرەڕای بەشداریکردنیان لە حکومەت هەر لەسەر ئۆپۆزسیۆنبوونی خۆیان بەردەوام بوون. بەو شێوەیە پێیەکیان لە ناو حکومەت بوو، پێیەکی دیکەیان لە ناو ئۆپۆزسیۆن بوو، واتە لە لایەک لە دەستکەوتەکانی نێو حکومەت بەشدار بوون، لەلایەکی دیکەوە لە موزایەدەکردن لە ناو خەڵک و بۆ رای گشتی و بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتی شەخسی بەردەوام بوون**

**ئێستا دەرکەوتووە کە سەرەڕای ئەو داهاتە زۆرەی حکومەتی عێراق بەدەستی دەهێنێت، خەڵکی ناوەڕاست و باشووری عێراق لە چ دۆخێکی ئابووری و سیاسیی خراپدان**

دەستکەوتێك بۆ حکومەت، واتە لەبەر ئەوەی ئەم پرۆژە یاسایە لەلایەن حکومەتەوە رەوانەی پەرلەمان کرابوو، ئەوا پێیان خۆش نەبوو کە ببێتە دەستکەوتێك بۆ حکومەت. هۆکارێکی دیکە ئەوە بوو کە هەندێ لە حزبەکان خەڵکانێکیان خانەنشین کردبوو کە پەسەندکردنی یاساکە لە بەرژەوەندی ئەو کەسانە نەبوو، بۆیە ئەوان پێیان خۆش نەبوو جێبەجێ بکرێت.

*** نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەت ململانێی سیاسی بە هۆکارێك دانا لەبەردەم دواکەوتنی پرۆژەی چاکسازی و دروستبوونی قەیران، پرسیار ئەوەیە ئایا پێتوانییە پێویستە حکومەتیش بە دەردی پەرلەمان نەچێت و حزبانێك لەناو حکومەت نەبن کە پێیەکیان لە حکومەت بێت و پێیەکەی دیکەیان لە دژایەتیکردنی حکومەت بێت؟**

- بەڵێ، راستە هۆکارێکی سەرەکی کە حکومەتی هەرێم نەیتوانی لە ماوەی رابردوو کارەکانی خۆی بە دروستی ئەنجام بدات و کارە خزمەتگوزارییەکانی پێشکەشی خەڵکی کوردستان بکات- سەرەڕای بوونی شەڕی داعش و بڕینی بودجەی هەرێمی کوردستان لەلایەن بەغداوە- بریتی بوو لە ناکۆکیی سیاسی لە نێوان لایەنەکانی حکومەتە بنکە فراوانەکە، کە ئێمە لە هەر سەرەتاوە پێمانوابوو ئەم حکومەتە ناتوانێت بەم شێوازە بەردەوام بێت. چونکە ئەوان دەستیان لە پشکی خۆیان هەڵنەدەگرت لە حکومەت، بەڵام کاتێك دەهاتنە نێو خەڵك و جەماوەر ئەوا بە نەفەس و بە گیانی ئۆپۆزسیۆن بوون قسە و لێدوانیان دەدا، ئەوە بوو ئەوان داواکاری ئەوەیان کرد بێنە نێو حکومەت و ئێمە داواکاریەکەیانمان رەتنەکردەوە، کاتێك داوای بەشداریکردنیان لە حکومەتدا کرد، بەڵام ئەوان سەرەڕای بەشداریکردنیشیان لە حکومەت هەر لەسەر ئۆپۆزسیۆنبوونی خۆیان بەردەوام بوون. بەو شێوەیە پێیەکیان لە ناو حکومەت بوو، پێیەکی دیکەیان لە ناو ئۆپۆزسیۆن بوو، واتە لە دەستکەوتەکانی نێو حکومەت بەشدار بوون، لەلایەکی دیکەوە لە موزایەدەکردن لە ناو خەڵك و بۆ رای گشتی و بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتی شەخسی بەردەوام بوون. بەم چەشنە دۆخێکیان دروست کرد کە حکومەت بکەوێتە ناو ململانێیەکی گەورەی سیاسی و لە دواجاریشدا کاتێك ئێمە داوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنمان کرد، ئەوا لە ترسدا کشانەوە. پوختەی مەسەلەکە ئەوە بوو ئەوان لەلایەك لەناو حکومەت بوون و لەلایەکی دیکەوە دەیانویست شکست بە حکومەت بهێنن.

*** ئێستا قسە و باسێکی زۆر لەسەر دامەزراوەی سەرۆکایەتی و شێوازی حوکمڕانی لە هەرێم و یاسای هەڵبژاردن دەکرێت؛ ئایا تاچەند ئەم دۆسیە گرنگ و ستراتیژییانەش تێکەڵ بە موزایەدەی حزبی کراوە، بەتایبەتی کە واهەست دەکرێت زۆربەی ئەو پەرلەمانتارو فراکسیۆنانەی موزایەدە دەکەن، هەر رۆژەی داواکاری و ئاراستەیەکیان هەیە؟**

- کێشەی یەکلاکردنەوەی دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتیی هەرێم لەئێستادا چارەسەر نەکرا، پێشتریش لە خولی سێیەمی پەرلەمان سپێردرا بە خولی چوارەمی پەرلەمان بۆ ئەوەی کێشەی سەرۆکایەتیی هەرێم و شێوازی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان بە پێی دەستوور و بنەما دەستوورییەکان چارەسەر بکرێت، بەڵام بەداخەوە ئەوان هاتن لەخولی چوارەمی پەرلەماندا کودەتایان بەسەر ئەو تەوافوقە نیشتمانییە کرد، کە حکومەتی کوردستان لەسەری پێکهاتبوو، کە دەبوو هەموو ئەو یاسایانەی کە رەهەندێکی نیشتمانی هەیە، بەپێی تەوافوق پەسەند بکرێت و بەو شێوە چارەسەر بۆ کێشەکان بدۆزرێتەوە، هەروەك چۆن لە رابردوودا ئەوان رەخنەیان لەئێمە دەگرت کە نابێت ئەو پرۆژە یاسایانەی کە رەهەندی نیشتمانیی هەیە بە زۆرینە تێپەڕێندرێت، لەم روانگەیەوە پرۆژە یاسای دەستوورمان نەنارد بۆ راپرسی تاوەکو پەسەند بکرێت، بەڵکو چاوەڕوان بووین تا کۆدەنگی لە پەرلەمان لەنێوان حزبەکاندا بە تەوافوق لەسەری دروست بێت، کەچی کاتێك ئەوان زۆرینەیان دەستکەوت، بەپێچەوانەی قسەکانی خۆیانەوە تەوافوقی نیشتمانییان تێکدا و کودەتایان بەسەر تەوافوقدا کرد، هەروەها نەیانهێشت کە کار لەسەر دۆزینەوەی چارەسەرێکی مامناوەندی و دادپەروەرانە بۆ مەسەلەی سەرۆکایەتیی هەرێم بکرێت، تەنانەت بە بیانووی جۆراوجۆر

نەیانهێشت، ئەو لیژنە دەستوورییەی دانرابوو بۆ یەکلاکردنەوەی نووسینەوەی پرۆژە دەستوورەکە کارەکانی بکات. ئەوان پێشتر دەیانوت سەرۆکی هەرێم لەناو پەرلەمان هەڵبژێردراوە و بە تەوافوق دانراوە و بە دەنگی خەڵك نییە و سەرۆکی ئێمە نییە و سەرۆکی خەڵك نییە، چونکە لەناو خەڵك هەڵنەبژێردراوە، ئەو کات ئێمە وەکو پارتی و جەنابی سەرۆکیش رازی بوو کە سەرۆکی هەرێم لەناو خەڵك هەڵبژێردرێت، کەچی دیسان کێشەیان دروست کردو گوتیان دەبێت لەناو پەرلەمان هەڵبژێردرێت. ئەم موزایەدەو دووفاقییە تەنیا لەسەر ئەم بابەتانە نەبووە، کاتی خۆی لەسەر شێوازی هەڵبژاردنی نیمچە کراوەش کێشەیان دروست کرد کە رای ئێمە ئەوە بوو کە رەنگە ئەم شێوازە سەرکەوتوو نەبێت، ئێستا دووبارە دەیانەوێت هەڵبژاردن نیمچە کراوە نەبێت، بەڵکو داخراو بێت. پوختەی مەسەلەکە ئەوەیە ئەوان هەر شتێك بە بەرژەوەندی خۆیانی بزانن دەیانەوێت بیسەپێنن بەسەر خەڵکی کوردستاندا. کەواتە ئەوەی ئەوان باسی لێوە دەکەن رەهەندی حزبی هەیە، نەك رەهەندی نیشتمانی و هیوادارین ئەمە بۆ خەڵکی کوردستان روون بێت.

*** سەبارەت بە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان، ئایا ئەو پێداگرییەی پارتی بەوەی لەکاتی خۆیدا هەڵبژاردنەکان بەڕێوەبچێت لە چییەوە هاتووە؟**

- ئەگەر بە راشکاوی قسە بکەین، ئەوا هەموو حزب و لایەنە کوردستانییەکان-جگە لە پارتی- دەیانەوێت هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دوابخەن و لەکاتی خۆیدا ئەنجام نەدرێت. بەڵام ئەوان بە پاساوی جۆراوجۆری دەمامکدراو ئەم کارە دەکەن، واتە ئەگەر بە ئاشکراش راینەگەیەنن، ئەوا ئێمە دەزانین ئەو پاساوهێنانەوەی ئەوان بۆ دواخستنی هەڵبژاردنەکانە، بەڵام ئێمە وەك پارتی هەمیشە دووپاتمان کردووەتەوە کە ئامادەین بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە کات و ساتی خۆیدا و ئامادەکارییەکانی کۆمسیۆنیش لەم رووەوە بەڵگەیەکی ئاشکرایە و کاتێکیش ئێمە بانگهێشتی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکانمان کرد بۆ پەرلەمان، پێیان راگەیاندین هیچ داواکارییەکیان لەلایەن حکومەتەوە رەتنەکراوەتەوە. ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە پارتی سوورە لەسەر ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە وادەی خۆیدا بۆ دەستاودەستکردنی دەسەڵات و لە پێناو دامەزراندنی کابینەیەکی تۆکمەتر و بۆ پاراستنی ناوبانگی هەرێم لە دەرەوە، چونکە جیهانی دەرەوەش لەگەڵ ئەوەدان هەڵبژاردنەکان لە کاتی خۆیان بکرێن.

*** لەدوای سەرکەوتنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی عێراقدا بۆ دۆست و دوژمن روون بووەوە کە جەماوەرەکەی پارتی متمانەی تەواویان بە حزبەکەیان هەیە، پرسیار ئەوەیە بۆچی ئەو لایەنە سیاسییانەی کوردستان دەیانەوێت هەرچی شکست و نەهامەتییە لە سەر پارتی حیسابی بکەن؟**

- ئەو لایەنانە بە چەندین پاساوی جۆراوجۆر و هەر جارەی کارتێکیان دژی پارتی بەکار دەهێنا، بەڵام سوپاس بۆ خوا خەڵکی کوردستان هوشیارە، کاتی خۆی دەیانویست دۆخی عێراق لە دژی ئێمە بەکار بهێنن، بەڵام ئێستا دەرکەوتووە کە سەرەڕای ئەو داهاتە زۆرەی حکومەتی عێراق بەدەستی دەهێنێت، خەڵکی ناوەڕاست و باشووری عێراق لە چ دۆخێکی ئابووری و سیاسیی خراپدان. هەر دۆخێکی دیکە کە بیانەوێت دژی پارتی بەکاری دەهێنن و تەنانەت شکستی خۆشیان دەخەنە ئەستۆی پارتی. بەڵام خەڵکی کوردستان لە مەرامەکانیان تێگەیشتووە و لە هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق وەڵامی دانەوە و پێی راگەیاندن کە بەڵێ پارتی زۆر راستگۆ و زۆر راشکاوە لەگەڵ خەڵکی و راستیەکانیان پێ دەڵێت و هەڵوێستەکانی روون و ئاشکران و لە پێناوی کوردستاندان و پەیوەندییەکانیشی لەگەڵ هەر لایەنێکدا بێت، بۆ خزمەتی بەرژەوەندییەکانی کوردستانە. ئەوە بوو پارتی لە هەڵبژاردنەکاندا بووە حزبی یەکەم لە کوردستان و عێراقیشدا و دڵنیام لە هەڵبژاردنی داهاتوو بەهۆی راست و دروستیی هەڵوێستەکانی پارتی و روانگەکانی بۆ ئاشتیی کۆمەڵایەتی و بۆ پرسی حوکمڕانی و چەندین پرسی دیکە دەرئەنجامێکی باش بەدەست دەهێنێت.

**لە خولی سێیەمی پەرلەمان کێشەی سەرۆکایەتیی هەرێم سپێردرا بە خولی چوارەمی پەرلەمان بۆ ئەوەی شێوازی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان بە پێی دەستوور و بنەما دەستوورییەکان چارەسەر بکرێت، بەڵام بەداخەوە ئەوان هاتن لەخولی چوارەمی پەرلەماندا کودەتایان بەسەر ئەو تەوافوقە نیشتمانییە کرد، کە حکومەتی کوردستان لەسەری پێکهاتبوو**

**پارتی لە هەڵبژاردنەکاندا بووە حزبی یەکەم لە کوردستان و عێراقیشدا و دڵنیام لە هەڵبژاردنی داهاتوو بە بەهۆی راست و دروستیی هەڵوێستەکانی و روانگەکانی بۆ ئاشتیی کۆمەڵایەتی و بۆ پرسی حوکمڕانی دەرئەنجامێکی باش بەدەست دەهێنێت**

# سیستمە جیهانییە تازەکەی دۆناڵد ترەمپ بێ تایتڵە و ئاڵۆزییەکی ئەوتۆی دروستکردووە، تێگەیشتنی ئاسان نەبێت





لەماوەی ١٠٠ ساڵی رابردوودا، جیهان ٣ سیستمی بەخۆیەوە بینیوە کە هەرسێکیان لەلایەن سێ سەرۆکی ئەمریکا راگەیەنراون و سیستمەکانیش بریتی بوون لە:

١- سیستمی جیهانی دوای راگەیاندنی کۆمەڵەی گەلان لەلایەن وۆردو ویلسن لە ١٤ خاڵدا راگەیەندرا و خودی ئەمریکاش ئەندامی کۆمەڵەی گەلان نەبووە.

٢- سیستمی لیبراڵیی جیهانی کە بناخەی ئەم سیستمە لە چوارچێوەی هاوپەیمانیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە چلەکانی سەدەی رابردوو لەلایەن فراکلین رۆزفەلتەوە دارێژرابوو، لە دوای کۆتاییهاتنی جەنگی دووەمی جیهانییەوە لەلایەن هاری ترومانەوە راگەیەندرا، هەتا کۆتایهاتنی شەڕی سارد و هەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤیەتی پێشان کاری پێکرا.

٣- لەدوای هەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤیەتیش، جۆرج بوشی باوك لەساڵی ١٩٩١ سیستمی نوێی جیهانی راگەیاند، ئەم سیستمەش هەتا ٢٠ی کانوونی دووەمی ٢٠١٧ ئەو رۆژەی سەرۆك ترەمپ سوێندی یاسایی خوارد کاری پێدەکرا..

لە ٢٠ی کانوونی دووەمی ٢٠١٧وە، دۆناڵد ترەمپ بە فەرمی رایگەیاند کە کۆپی ئەو سیستمەی پێی دەگوترێت «سیستمی نوێی جیهان» بۆ ساڵی ٢٠١٧ی ئەمریکا ناشێت، بەڵام هەتا ئێستا بە فەرمی ناوی ئەو سیستمە تازەیەی رانەگەیاندووە کە جێگەی سیستمی نوێی جیهانی گرتەوە.

بێگومان لە ساڵی ٢٠١٣وە بەردەوام لەسەر ئاستی ناوەندەکانی ئەکادیمی و فیکر لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان قسەوباسی چڕ هەبووە سەبارەت بە کۆتاییهاتنی سیستمی نوێی جیهانی، یان بە مانایەکی دیکە چیتر جیهان بەو سیستمە کۆنە بەڕێوە ناچێت. بەڵام هیچ لایەك تەنانەت لەسەر ئاستی ئەکادیمی و فیکریش، ناوێکی بۆ ئەو سیستمە جیهانییە دانەناوە کە دەبێت جێگەی سیستمی نوێی جیهان بگرێتەوە.

هنری کیسنجەر وەزیری دەرەوە و راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی لە سەردەمی هەردوو ئیدارەی نیکسۆن و فۆرد لە هەفتاکانی سەدەی رابردوو، لە ساڵی ٢٠١٤ کتێبێکی بەناوی (سیستمی جیهانی) بڵاوکردەوە، لە پەنێڵکدا کە بۆ باسکردنی کتێبەکەی لەلایەن ریچارد هاسەوە بۆی رێکخرابوو، ئەو پرسیارەی لێکرد، بۆچی کتێبەکەت تەنیا ناونیشانەکەی (سیستمی جیهانی)یە و هیچ پاشگرێکی دیکەت بۆ دانەناوە؟ لە وەڵامدا کیسنجەر گوتی: کاتێك لە بەریتانیا ئەم کتێبە دەخوێننەوە، خۆیان ئەو پاشگرەی بۆ دادەنێن. ئەم قسەیەی کیسنجەر ئەگەرچی کۆی ئامادەبووانی کۆڕەکەی هێنایە قاقای پێکەنین، بەڵام لە ناواخندا مانایەکی گەورەی هەڵگرتووە و ئەوەمان پێدەڵێت کە ئەوەی لە ئەمریکا بناخەی بۆ دادەنرێت، لە بەریتانیا ناوی لێدەنرێت و پاشان دەنرێتەوە بۆ ئەمریکا و دەبێتە ناوی سیستمی جیهانی.

پرسیار لێرەدا ئەوەیە: ئایا ئەمجارەیان ئەمریکا شوێن بەریتانیا کەوت، یان بە پێچەوانەوە بەریتانیا شوێن ئەمریکا کەوت؟ بێگومان ئەگەر سەیری بەرواری ئەنجامدانی ریفراندۆمەکەی بەریتانیا بکەین بۆ دەرچوون لە یەکێتیی ئەوروپا و بەرواری دەنگدانی ئەمریکییەکان بە سەرۆك ترەمپ، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کە ئەمجارەش هەنگاوی یەکەم بەریتانیا هەڵیگرتووە پێش ئەمریکا.

بەریتانییەکان لە ٢٣ی حوزەیرانی ٢٠١٦ دەنگیان دا بەوەی پێویستە بەریتانیا لە یەکێتی ئەوروپا بێتەدەرەوە، بەڵام ئەمریکییەکان لە یەکەم سێشەمەی نۆڤمبەری ٢٠١٦ بڕیارن دا، دەنگ بە سەرۆك ترەمپ بدەن، دیارە دەنگدانی بەریتانییەکان بە دەرچوون لە یەکێتی ئەوروپا، لەوانەیە راستەوخۆ ئاماژەیەکی راشکاوانە نەبێت بۆ کۆتاییهاتنی سیستمی نوێی جیهانی لەلایەن بەریتانیاوە، بەڵام بناخەی دەنگدانی بەریتانییەکان بەدەرچوون لە یەکێتیی ئەوروپا ئەو بنەمایە کە گەورەی نەتەوەی ئینگلیز لە بەریتانیا و ئەمریکا لە بازرگانییەوە سەرچاوەی گرتووە، نەك لە هێزی سەربازییەوە، بۆیە جیابوونەوەی بەریتانیا لە بازنەی ئابووریی یەکێتیی ئەوروپا، هەمان ئەو بنەمایەیە کە ترەمپ سیستمی نوێی جیهانی پێ رەتکردووەتەوە و سیستمی جیهانییە بێ تایتڵەکەی کیسنجەری راگەیاندووە.

**ئەو فڕۆکەوانانەی ئیسرائیل کە هێرشیان کردە هێزەکانی سوپای پاسدارانی ئێران لەناو سووریا، ئەو جووانەن کە پێشتر لە رووسیاوە هاتوون بۆ ئیسرائیل و هەموویان زمانی رووسییان زانیوە، بۆ ئەوەی لەگەڵ رادارەکانی رووسیا قسە بکەن، ئەمەش مانای ئەوەیە ئیسرائیل بۆ ئەو هێرشانەی هەماهەنگی لەگەڵ رووسیا کردووە**

پرسیاری دیکە لێرەدا ئەوەیە: ئایا سەرۆك ترەمپ بە کردەیی ئەم سیستەمە جیهانییەی خستووەتە بواری جێبەجێکردنەوە، یان دیسان ناڕاستەوخۆ بە ڕێگەی بەریتانیا ئەم سیستەمە خراوەتە بواری جێبەجێکردنەوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارەش هەڵوێستە توندەکەی تیرازا مەی سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا بەرامبەر رووسیا لە بەهاری ئەمساڵ دەیداتەوە، ئەم هەڵوێستە توندەی تیرازا مەی لە بەرامبەر بەکارهێنانی گازی ژەهراوی لەلایەن رووسیاوە بۆ کوشتنی سیخوڕەکەی لە بەریتانیا، بووە هۆکاری ئەوەی لە یەك رۆژدا زیاتر لە ٢٠ دەوڵەت باڵیۆزەکانیان لە مۆسکۆ بکێشێننەوە و باڵیۆزەکانی رووسیاش بنێرنەوە بۆ موسکۆ. هەر لەدوای ئەم هەڵوێستە توندەی بەریتانیاشەوە، ئەمریکا توانی لە نیسانی ئەمساڵدا ڤیتۆی رووسیا لە ئەنجومەنی ئاسایش ژێرپێ بنێت و وەك کاردانەوەیەك بەرامبەر رژێمی ئەسەد بە بەکارهێنانی گازی کیمیاویی هێرشێکی سێ قۆڵی (فەرەنسا، بەریتانیا، ئەمریکا) بکەنە سەر کۆگاکانی چەکی کیمیایی لە سووریا. دیارە لەدوای هەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤیەتی پێشانەوە، رووسیا پێنج جار مافی ڤیتۆی بەکار هێناوە و تەنیا لە نیسانی ٢٠١٧ ئەو مافەی لەلایەن ئەمریکا و بەریتانیا و فەرەنساوە ژێر پێ خراوە و ئیعتوباری بۆ نەکراوە.

لێرەدا پرسیار ئەوەیە: ئایا ئەو هۆکارانە چین کە وایکرد رووسیا لە بەرامبەر پێشێلکردنی مافی فیتۆکەی لەلایەن ئەمریکاوە بێدەنگ بێت؟ ئایا رووسیا لە رووی سەربازییەوە ئەو توانایەی نییە کە لانیکەم هەڕەشە لەسەر ئاشتی و ئاسایشی جیهان دروست بکات؟ یان بە شێوەیەك لە شێوەکان وەڵامی ئەمریکا و بەریتانیا بداتەوە؟

بێگومان بە پێی راپۆرتی کۆنگرەی ئاسایشی جیهانی میونشن بۆ ساڵی ٢٠١٧، رۆژئاوا بە ئەمریکاشەوە تەنیا لە رێی هێزی ئاسمانییەوە باڵادەستییان بەسەر هێزەکانی رووسیادا هەیە، بەڵام رووسیا لە رووی بڵاوەپێکردنی هێزی سەربازی بە شێوەیەکی خێرا، مەودای رۆکێتەکانی بۆ هەموو بنکە و دامەزراوەکانی ناتۆ لە ئەورووپا، رۆکێتی هەڵگری کڵاوەی ئەتۆمی، باڵادەستی لە دەوڵەتانی ئەندامی ناتۆ زیاترە. هەر ئەم باڵادەستییە سەربازییەشی بوو وای لە رووسیا کرد، هیچ حیسابێك بۆ هاوپەیمانیی ئەتڵەسی نەکات و کریما بە رووسیاوە بلکێنێت.

**ئەگەر وەک ترەمپ خۆی دەڵێت، کۆبوونەوەکەی لەگەڵ پۆتین سەرکەوتوو بوو بێت و داوەتی کۆشکی سپیشی کردبێت، ئەمە مانای ئەوەیە ترەمپ لە دوو دۆسێی گرنگی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەگەڵ پوتین گەیشتوونەتە تێگەیشتنێکی باش، وێستگەی ئەم تێگەیشتنەش لە مامەڵە کردن لەگەڵ دۆسێی سووریاوە دەست پێدەکات**

کەواتە پرسیاری دیکە ئەوەیە: ئایا ئەو هۆکارانە چین کە وایکرد رووسیا بێدەنگی هەڵبژێرێت؟ بێگومان دەرکەوتنی هێڵە گشتییەکانی ئەو سیستەمە جیهانییە بوو کە ترەمپ دەیەوێت لە خولی یەکەمی سەرۆکایەتییەکەیدا پیادەی بکات، کە دەکرێت ئاماژە بە هەندێکیان بکەین:

- دۆناڵد ترەمپ لە پروپاگەندەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا رایگەیاند: جارێکی دیکە ئەمریکا پارەی خۆی بەفیڕۆ نادات بۆ ئەوەی دیموکراتی لە جیهاندا بڵاو بکاتەوە.
- ترەمپ رایگەیاند جارێکی دیکە ئەمریکا پارەی خۆی بەفیڕۆ نادات لەو پرۆسەی پێی دەگوترێت (بونیادنانەوەی دەوڵەت، یان نەتەوە) ئەمەش مانای ئەوەیە ئەمریکا چیتر عێراق و ئەفغانستانێکی دیکە داگیرناکات و پاشتر بونیادی بنێتەوە.
- ترەمپ رایگەیاند، چیتر گۆڕینی رژێمە دیکتاتۆرییەکان کاری حکومەتی ئەمریکا نییە و بە بیانووی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ ئەو کارانە ناکات.
- ترەمپ رایگەیاند چیدیکە ئەمریکا بەشی زۆری خەرجییەکانی ناتۆ لە ئەستۆ ناگرێت بۆ ئەوەی دەوڵەتانی ئەندامی ناتۆی پێ بپارێزرێت، ئەو دەوڵەتەی دەیەوێت پارێزراو بێت، دەبێت پشکی تەواو بە ناتۆ بدات.
- ترەمپ رایگەیاند چیتر پابەندی بنەماکانی بازرگانیی جیهانی نابێت و بەرژەوەندیی ئەمریکا لەچیدا بێت، ئەو کارە دەکات.

دیارە ترەمپ لە ماوەی ساڵی یەکەمی سەرۆکایەتییەکەیدا و بە ڕێگەی تویتە رۆژانەییەکەی بەردەوام پابەندبوونی خۆی بەو خاڵانە دووبارە دەکردەوە کە لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن پروپاگەندەی بۆ کردبوون، بەڵام ستافەکەی، بەتایبەتی راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی و وەزیری دەرەوەی و تا رادەیەك وەزارەتی بەرگرییش، بەوجۆرە وەڵامی جیهانیان




**ئەمریکا بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی، هەروەها پاراستنی ئاسایشی ئیسرائیلیش، پێویستی بەوەیە رووسیا شەریکی بێت و بە بێ رووسیاش هیچ کام لەو دوو ئامانجەی بۆ نایەتە دی. هەروەها رووسیاش بەبێ هاوبەشیی ئەمریکا ناتوانێت ئەو رۆڵە بگێڕێت کە مەبەستێتی**

دەدایەوە کە لە ئەمریکادا دامەزراوە بڕیار دروست دەکات و ئەوەی سەرۆك ترەمپ دەیڵێت، مەرج نییە ئەوە ببێتە بڕیاری ئەمریکا، بەڵام لەگەڵ سەرەتای ۲۰۱۸ کە ریکس تیلرسۆنی وەزیری دەرەوەی گۆڕی بە مایك پۆمپیو، دوای ئەویش ماکماستەر راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی گۆڕی بە جۆن بۆڵتۆن، ئیدی دەرکەوت، لەم سیستمە تازەیە ترەمپ دەیەوێت ببێتە سیستمی جیهانی، ئەوەی سەرۆك ترەمپ دەیڵێت، ئەوە دەبێتە سیستەم و بڕیار و ئەو سیستمە کۆنە کۆتایی هات کە ئەمریکا ماوەی زیاتر لە ۷۰ ساڵ بەرگری لێکردووە.

پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە: ئایا کێشەی فلادمیر پۆتین لەگەڵ هەموو ئیدارەکانی ئەمریکا لە ۲۰۰۲ ـەوە تا ئێستا چی بووە؟ بێگومان هەموو ئەو خاڵانە بوون کە سەرۆك ترەمپ لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا بانگەشەی بۆ دەکردن. هەر بۆ نموونە گەورەترین کێشەی فلادمیر پۆتین لەگەڵ هەردوو ئیدارەکەی ئۆباما ئەوە بوو کە هیلاری کلینتۆن کە ئەوکات وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بوو، دەیگوت هەڵبژاردنەکانی رووسیا پاك و بێگەرد نین و




بە پرۆسەیەکی دیموکراتی هەژمار ناکرێت، کە ئەمەش لەلایەن پۆتینەوە بە دەستێوەردانێکی راستەوخۆی ئەمریکا دادەنرا لەکاروباری ناوخۆی رووسیادا.

کێشەی دیکەی پۆتین لەگەڵ ئیدارەی جۆرج دەبلیو بوش و ئۆباما، رووخانی رژێمە دیکتاتۆرەکان بووە، بۆ نموونە رووخانی ئیمارەتی تاڵیبان لە ئەفغانستان، رووخانی رژێمی سەدام حوسێن لە عێراق، رووخانی رژێمی قەزافی لە لیبیا، هەڕەشە بەردەوامەکانی ئێران بۆ رووخانی رژێمی کۆمۆنیستیی کۆریای باکوور، دیارە رووسیا ئەمەی بە سەپاندنی سیستمێکی دیاریکراو بەسەر دەوڵەتانی جیهان دەزانی، بۆیە لەهەر شوێنێك ئەمریکا بیوستایە رژێمێك بڕووخێنێت، ئەوا رووسیا دژی رادەوەستا، هەر لەسەر ئەم بنەمایەش دوای ئەوەی کە لە ساڵی ٢٠١٥ رژێمی بەشار ئەسەد لە سووریا مەترسیی رووخانی کەوتەسەر، رووسیا راستەوخۆ دەستێوەردانی لە سووریا کرد و نەیهێشت رژێمی بەشار ئەسەد بڕووخێت و ئێستاش رژێمی ئەسەد لە دەسەڵاتدا ماوەتەوە.

رووسیا بۆ دژایەتیی هەژموونی ئەمریکا و

**رووسیا ئێستا دژی ئەو سیستمە تازەیەی ترەمپ نییە کە هێشتا تایتڵی بۆ دانەناوە، بەڵکو ئەم سیستمە تازەیەی ترەمپ لە یەک کاتدا رێگە خۆش دەکات بۆ ئەوەی کریما تاسەر ببێتە بەشێک لە رووسیا و دوای ئەمیش بەرزاییەکانی جۆلان ببنە بەشێک لە ئیسرائیل**

ناتۆ لە سەر سنووری دەوڵەتانی ناتۆ و یەکێتیی ئەورووپا، بە ئاشکرا کریمای لکاند بە رووسیاوە و وێڕای ئەو هەموو سزایەی لەلایەن یەکێتیی ئەورووپاوە خرایەسەر رووسیا بۆ ئەوەی لەو کارەی پاشەکشە بکات و کریما بگەڕێنەوە بۆ کرواتیا، بەڵام کریما بووە بەشێك لە رووسیا، بوونی کریما بە بەشێك لە رووسیا، واتە راگەیاندنی ئەو سیستمە نوێیە جیهانییەی کە بە دەرکردنی عێراق لە کوەیت هاتەئاراوە، بەڵام رووسیا بە داگیرکردنی کریما کۆتایی بەو سیستمە هێنا.

کەواتە رووسیا ئێستا دژی ئەو سیستمە تازەیەی ترەمپ نییە کە هێشتا تایتڵی بۆ دانەناوە، بەڵکو ئەم سیستمە تازەیەی ترەمپ لە یەك کاتدا رێگە خۆش دەکات بۆ ئەوەی کریما تاسەر ببێتە بەشێك لە رووسیا و دوای ئەمیش بەرزاییەکانی جۆلان ببنە بەشێك لە ئیسرائیل، رووسیا لەگەڵ ئەوەی بەم هەنگاوەی ئەمریکا دڵخۆش دەبێت، بەڵام لە بەرامبەردا فاکتەرێکیش دەبێت بۆ ئەوەی بەرزاییەکانی جۆلان ببنە بەشێك لە ئیسرائیل.

## ● دۆسێی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە نێوان رووسیا و ئەمریکادا

لەدوای راپەرینەکانی وڵاتانی عەرەبی لە ساڵی ۲۰۱۱وە، هەموو ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە لەسەر ئەوە کۆکن کە کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست تەنیا بە ئەمریکا چارەسەر ناکرێت و لە هەمانکاتدا کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە درێژایی سەد ساڵی رابردوو بە بێ هێزی دەرەکی چارەسەر نەکراون.

کەواتە ئەمە مانای ئەوەیە بۆ چارەسەکردنی کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەمریکا پێویستی بە چەند هاوبەشێك، یان هاوبەشێکی راستەقینە هەیە کە پێکەوە هەوڵبدەن کێشەکان چارەسەر بکەن.

ئەوەی ئیدارەی ترەمپ هەتا ئێستا بە ئاشکرا دەیڵێت و نایشارێتەوە، ئەوەیە کە ئەمریکا پێش هەموو شت رەچاوی بەرژەوەندییەکانی خۆی دەکات و دوای ئەویش ئەوەی مەبەستێتی ئاسایشی ئیسرائیل دەپارێزێت، دیارە ئەمریکا بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی، هەروەها پاراستنی ئاسایشی ئیسرائیلیش، پێویستی بەوەیە رووسیا شەریکی بێت و بە بێ رووسیاش هیچ کام لەو دوو ئامانجەی بۆ نایەتە دی. هەروەها رووسیاش بەبێ هاوبەشیی ئەمریکا ناتوانێت ئەو رۆڵە بگێڕێت کە مەبەستێتی.

لە ئێستادا و دوای کۆبوونەوەکەی هلسنکی لە نێوان ترەمپ و پۆتین، وەك ترەمپ لە تویتیکدا ئاماژەی پێداوە و دەڵێت: کۆبوونەوەکان بە پێچەوانەی هەواڵی درۆی میدیاکان زۆر سەرکەوتوو بوون. لەسەر ئاستی رای گشتی ئەمریکاش بەتایبەتی لەناو بنکەی جەماوەریی ترەمپ، لەبەر ئەوەی لە ماوەی ئەم ساڵ و نیوەی سەرۆکایەتییەکەیدا هەموو هەنگاوەکانی بە شێوازە جیاوازەکەی بۆ بەرژەوەندیی ئەمریکا دەخوێندرێتەوە، پشتگیرییەکانی زیادی کردووە و پێدەچێت لە هەڵبژاردنەکانی چەند مانگی داهاتووی تازەکردنەوەی نیوەی کۆنگرێسدا سەرکەوتن بەدەست بێنێتەوە.

کەواتە ئەگەر وەك ترەمپ خۆی دەڵێت، کۆبوونەوەکەی لەگەڵ پۆتین سەرکەوتوو بووبێت و داوەتی کۆشکی سپیشی کردبێت، ئەمە مانای ئەوەیە ترەمپ لە دوو دۆسێی گرنگی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەگەڵ پوتین گەیشتوونەتە تێگەیشتنێکی باش، وێستگەی ئەم تێگەیشتنەش لە مامەڵە کردن لەگەڵ دۆسێی سووریاوە دەست پێدەکات.

سەبارەت بە سووریا، دیارە ترەمپ لە چەند مانگی پێشووتردا رایگەیاندبوو کە هەموو هێزەکانی لە سووریا دەکێشێتەوە، بەڵام ئەم بڕیارەی لەبەر چەند هۆکارێك دواخست، دیارە دواخستنی ئەم بڕیارەش وەك هەندێك لە چاودێران جەختی لەسەر دەکەنەوە، راستەوخۆ پەیوەندی بە ئاسایشی ئیسرائیلەوە هەیە، بەڵام وەك لەسەر ئەرزی واقیع دەردەکەوێت، وێڕای بەهێزیی ئیسرائیل لە رووی تەکنەلۆژیای سەربازی و وێڕای باڵادەستیی ئەمریکا لە تەکنەلۆژیا و هێزی سەربازیدا، بەڵام ئاسایشی ئیسرائیل وەك ئەوەی ئیسرائیل و ئەمریکا مەبەستیانە، واتە هیچ مەترسییەك لەسەر ئیسرائیل نەمێنێت، بە هێزی سەربازیی ئیسرائیل و ئەمریکا نایەتەدی، بەڵکو پێویستی بە هاوکاریی رووسیا هەیە.

ئیسرائیل لە چەند مانگی رابردوودا چەند جارێك هێرشی بەرفراوانی ئاسمانی کردووەتە سەر هێزەکانی سوپای پاسدارانی ئێران لەناو سووریا،

**رووسیا بۆ دژایەتیی هەژموونی ئەمریکا و ناتۆ لە سەر سنووری دەوڵەتانی ناتۆ و یەکێتیی ئەورووپا، بە ئاشکرا کریمای لکاند بە رووسیاوە و وێڕای ئەو هەموو سزایەی لەلایەن یەکێتیی ئەورووپاوە خرایەسەر رووسیا بۆ ئەوەی لەو کارەی پاشەکشە بکات و کریما بگەڕێتەوە بۆ کرواتیا، بەڵام کریما بووە بەشێک لە رووسیا**

وەك پسپۆڕان و چاودێران ئاماژەیان پێکردووە، ئەو فڕۆکەوانانەی هێرشەکەیان ئەنجامداوە، ئەو (جوو)انەن کە پێشتر لە رووسیاوە هاتوون بۆ ئیسرائیل و هەموویان زمانی رووسییان زانیوە بۆ ئەوەی لەگەڵ رادارەکانی رووسیا قسە بکەن، ئەمەش مانای ئەوەیە ئیسرائیل کە ئەو هێرشانەی کردووەتە سەر بنکەکانی سوپای پاسداران لەناو سووریا بە هەماهەنگی بووە لەگەڵ رووسیا و پاشانیش گەرەنتی ئەوەی لە رووسیا وەرگرتووە کە هێزە میلیشیاکانی شیعەی ناو سوریا هێرش نەکەنە سەر ئیسرائیل. کەواتە رووسیا بە کردەیی سەلماندوویەتی کە دەتوانێت هاوبەشێکی باشی ئەمریکا بێت بۆ پاراستنی ئاسایشی ئیسرائیل، لەمەش زیاتر رووسیا دەتوانێت هاوبەشێکی باشی ئەمریکاش بێت بۆ نەهێشتنی هێزی بیانی لەناو سووریا کە ئەمەشیان داواکارییەکی گەورەی ئەمریکایە بۆ پاراستنی ئاسایشی ئیسرائیل.

لەبەرامبەر ئەمەدا، رووسیا ئەوەی دەیەوێت لە سووریا بە هاوبەشی لەگەڵ ئەمریکا بۆی دەچێتەسەر، لەوانە ترەمپ نایەویت بەشدار و هاندەر بێت لە رووخانی رژێمی ئەسەد، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەگەر رژێمی ئەسەد مەترسیی لێدان و رووخاندنی لەلایەن هێزێکی گەورەی وەك ئەمریکا و ناتۆوە لەسەر نەبێت و بتوانێت وڵاتەکە بەشێوەیەکی تارادەیەك ماقووڵ بەڕێوە بەرێت، ئەوا پێویستی بە بوونی هێزی دیکە نییە لەو وڵاتە بوونی هەبێت، ئەمەشیان لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی رووسیا یەك دەگرێتەوە.

ئەوجا ئەگەر لە بازنەیەکی فراواندا کۆی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بخوێنینەوە، هەر لە پاراستنی دەوڵەتانی ئەنجومەنی کەنداو تا دەگاتە عێراق، ئەوا چۆن بەرژەوەندیی ئەمریکا لەوەدایە لەم ناوچەیە سەقامگیری هەبێت و بە شێوەیەکی ئاسایی نەوت هەنارده بکرێت، رووسیاش بە هەمان شێوە بەرژەوەندییەکانی لە سەقامگیریدا پارێزراو دەبن، لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر هۆکاری ناسەقامگیری و ئاڵۆزیی نێوان رووسیا و ناتۆ و یەکێتی ئەوروپا لەسەر پرسی کریما، بگەڕێتەوە بۆ ناکۆکیی نێوان هەردوو مەزهەبی کریستیانی ئەرسۆزۆکس و کاسۆلیك، رووسیا بە مافی خۆی بزانێت لەسەر ئەو بنەمایەی کریما ئەرزەسۆکسن و دەبێت بەشێك لە رووسیا بێت و ئێستا ئەمریکاش چاوپۆشی لەمە بکات، ئەوا سەرچاوەی کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش لە ئێستا پەیوەندی بە کێشە و ناکۆکیی نێوان شیعە و سوننەوە هەبووە، بۆیە دەشێت رووسیا بۆ دژایەتی رۆژئاوا پشتگیری دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی کردبێت، لەسەر بنەمای شیعە بەرگری لە رژێمی ئەسەد کردبێت، هەر لەسەر بنەمای ئەوەی بەشار ئەسەد شیعەیە، ئەوا کاتێك ئەو کێشەیە لەنێوان ئەمریکا و رووسیا لە قاڵبە مەزهەبگەراییەکەی ئەرزەسۆکس و کاسۆلێك دەردەهێنرێت و دەکرێتە کێشەیەکی سیاسی، ئەوا دەشێت رووسیاش هاوکار بێت کە کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش بەتایبەتی کێشەی ئێران و دەوڵەتانی کەنداو هەروەها ئاڵۆزیی پرۆسەی سیاسیی عێراق بە هۆی هەمان کێشە و ئاڵۆزی نێوان شیعە و سوننە دەربهێنرێت و بخرێنە قاڵبێکی سیاسییەوە، رووسیا لەم هاوکێشەیەدا دەتوانێت زۆر هاوکاریی ئەمریکا بکات، چونکە بەبێ پشتگیریی راستەوخۆی رووسیا هەندیك کار کە هەتا ئێستا بۆ بەرەی شیعە چووەتەسەر، لەمەودوا بە ئاسانی بۆیان ناچێتەسەر و سنووردار دەکرێن، ئەگەر لەم بوارەدا رووسیا بە تەواوەتی هاریکاریی ئەمریکا بکات، هەروەك چۆن کۆماری چین لە پرسی کۆریای باکووردا هاوکاریی ئەمریکا کرد، ئەوا دەکرێت ئێران و ئەمریکاش لەسەر کۆمەڵێك پرسی هاوبەش و سەقامگیریی ناوچەکە بگەنە چەند خاڵێکی هاوبەش.

دیارە ئەوەی ئێستا لە چوارچێوەی ئەم هاوکێشە تازەیە بەڕێوەدەچێت، ئەوجا چ پرسی داماڵینی چەکە ئەتومییەکانی کۆریای باکوور بێت، یان ئەو کێشە و ئاڵۆزییانەی پێشتر لەنێوان رووسیا و ئەمریکا هەبوون و ئێستا بەرەو خاوبوونەوە دەچن، ئەمانە هەتا ئێستا جێگەی مشتومڕ و سەرسامین لە ناوەندەکانی لیکۆڵینەوەی سیاسیدا، بۆیە هەر لەم چوارچێوەیەدا لەوانەیە لە ئایندەیەکی نزیکدا وەرچەرخانی زۆر گەورەتر لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە هاوکاری رووسیا لەگەڵ ئەمریکا رووبدات و لەمانەی هەتا ئێستا روویانداوە زیاتر جێگەی سەرسامی بن.

**بە پێی راپۆرتی کۆنگرەی ئاسایشی جیهانی میونشن بۆ ساڵی ٢٠١٧، رۆژئاوا بە ئەمریکاشەوە تەنیا لە رێی هێزی ئاسمانییەوە باڵادەستییان بەسەر هێزەکانی رووسیادا هەیە، بەڵام رووسیا لە رووی بڵاوەپێکردنی هێزی سەربازی بە شێوەیەکی خێرا، مەودای رۆکێتەکانی بۆ هەموو بنکە و دامەزراوەکانی ناتۆ لە ئەوروپا، رۆکێتی هەڵگری کڵاوەی ئەتۆمی، باڵادەستی لە دەوڵەتانی ئەندامی ناتۆ زیاترە. هەر ئەم باڵادەستییە سەربازییەشی بوو وای لە رووسیا کرد، هیچ حیسابێک بۆ هاوپەیمانیی ئەتڵەسی نەکات و کریما بە رووسیاوە بلکێنێت**

# چۆن مەرجە بازرگانی و پیشەسازییەکان لەخزمەتی ژینگەدا دەبن؟

یاساکان و ڕێنماییەکان وەك هەرشتێکی دی لەکات و شوێنێکی دیاریکراودا دێنەئاراوە، بۆیە زانینی ئەو بارودۆخەی کە یاساو ڕێنمایی تێدا لەدایك دەبێت زۆر گرنگە، چونکە یاسایەك کە لە سەروبەندی دەرکەوتنی گرفتێکدا دێتەئاراوە، جیایە لە یاسایەك کە لەکاتی دۆزینەوەی چارەسەری گرفتەکەدا لەدایك دەبێت.

بڕیاربەدەستان لە بواری ژینگەپارێزیدا زۆر گرنگە یاساو ڕێنماییەکانیان لە ساتەوەختی دۆزینەوەی چارەسەری گرفتەکاندا بێنەئاراوە، بۆ ئەوەی توانای مانەوە و بەردەوامبوونیان تێدابێت.

لەدیداری وەزیرانی ژینگەی وڵاتانی عەرەبی و ژاپۆندا لە (تۆکیۆ) دکتۆر (واتانابی هیرۆیۆکی) بەڕێوەبەری کارگێڕی لە کۆمپانیای (تۆیۆتا)ی ژاپۆنم بینی لە ساڵی (٢٠٠٤)دا، ئەو دەیوت: «ئێمە لە ژاپۆن لەکاتی ڕوودانی هەر گرفتێکدا بە دوای چارەسەردا دەگەڕێین پێش دەرکردنی هەر یاسایەك کە دواتر دەردەچێت و دێتە سەر زەمینەیەکی تا ڕادەیەك چارەسەرکراو، نەك هەوڵدان بۆ دەرکردنی یاساو ڕێنمایی کتوپڕ لە ساتەوەختی ڕەگداکوتانی گرفتەکە لە زەمینەی واقیعدا، لەبەر ئەوەشە یاساکان و ڕێنماییەکانمان ئاسان جێبەجێ دەبن.»

مەبەستم لەم وتەیە ئەوەیە کە ڕێنمایی و یاسا چەندە گرنگ بن، دۆزینەوەی چارەسەریش ئەوەندە گرنگە لە جێبەجێکردنی یاسا و ڕێنماییەکاندا، بۆ نموونە: ئێمە زۆر یاساو ڕێنمایی ئامادەمان هەیە بۆ سزادانی هەر شوفێرێك کە ئۆتۆمبێلەکەی لە ڕووی زیانگەیاندن بە ژینگەو دەرهێنانی گازە پیسکارەکانی هەوا لە ئەگزۆزەوە پێچەوانە دەوەستێتەوە لەگەڵ ڕێژە یاسایی و دیاریکراوەکاندا، بەڵام دەکرێت ئەم جۆرە یاسا و ڕێنماییە زۆر بە ئاسانی جێبەجێ بکرێت، ئەگەر وەك دەوڵەت توانیمان هۆکارێکی گواستنەوەی کەم زیان و دۆستی ژینگە دروست بکەین، یان هاوردە بکەین.

بۆیە پێویستە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی، زۆر ڕێوشوێنی گرنگ بگرنەبەر لە پێناوی پاراستن و چاککردنی ژینگەدا، لەوانە بۆ نموونە:

جێکردنەوەی ستاندارده ژینگەییەکان و لەبەرچاوگرتنیان لە سیاسەتی پیشەسازی و بازرگانیدا.

گرنگیدان بە زانینی کاریگەریی بوارەکانی بازرگانی و پیشەسازی لەسەر پرۆگرامەکانی ژینگەپارێزی.



عەبدولڕەحمان سدیق

بۆ گوڵان دەینووسێت

بنیادنانی تواناکان بۆ گەشەپێدان و داڕشتنی سیاسەتی پاڵپشتکردنی بازرگانی وپیشەسازیی دۆستی ژینگە بۆ خزمەتی پەرەپێدانی بەردەوام و درێژەپێدراو.

ئاگاداربوون لە هەنگاوەکانی بواری پاراستنی ژینگە و بەردەوام کۆککردنی پەیوەندیی پۆزەتیڤی نێوان بازرگانی و پیشەسازی و ژینگە.

بەهێزکردنی ڕۆڵی حکومەت لە بواری پاراستنی ژینگەدا.

بۆ ئەم مەبەستانە و زۆری تریش پێویستە یاداشتنامەیەکی لێکگەیشتن لە نێوان وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی و دەستەی ژینگەدا هەبێت کە چەند خاڵێك لەخۆ بگرێت، لەوانەش بە نموونە:

بەهێزکردنی ڕۆڵی بنکەکانی کوالێتی کۆنترۆڵ و ناوەندەکانی توێژینەوە و شیکردنەوە ژینگەیی و بازرگانییەکان.

بەهێزکردنی پەیوەندیی نێوان کۆمەڵە و یەکێتی و ڕێکخراوە تایبەتەکانی بواری پەرەپێدانی بازرگانی و پیشەسازی و بواری پاراستنی ژینگە.

هەماهەنگیی نێوان هەردوولا لە بواری داڕشتنو پەسەندکردنی یاسا و بریار و راسپاردەکانی تایبەت بە ئازادیی بازرگانی و پیشەسازی و پاراستنی ژینگە.

دۆزینەوەو داڕشتنی ئەو چوارچێوە یاساییانەی کە دەبنە هۆی کەمکردنەوەی کاریگەرییە نێگەتیڤەکان لەسەر بازرگانی و پیشەسازی و پاراستنی ژینگە.

داڕشتن و دانانی ڕێوشوێنی گونجاو بۆ کۆککردنی پەیوەندیی نێوان بازرگانی و پیشەسازی و پەرەپێدانی بەردەوامکراو.

داهێنانی خەڵات و پاداشتی نیشتمانیی ساڵانە بۆ ئەو دەزگا و کۆمپانیا و کارمەندانەی کە ڕۆڵی داهێنەر و بەرچاویان هەیە لە هەردوو بواری کوالێتی بازرگانی و پیشەسازی و پاراستنی ژینگەدا.

داهێنانی پرۆگرامی تایبەت بۆ هاندان و پێشبرکێ لە نێوان دامودەزگاکانی حکومەت خۆیدا بۆ گرنگیدان بە هێنان و بەکارهێنانی ئەو بەرهەمە پیشەسازییانەی کە دۆستی ژینگەن.

کارکردن بە پێی ستاندارده جیهانییەکانی تایبەت بە هەردوو بواری بازرگانی و پیشەسازی و ژینگە و.. هتد.